چەند پرسیار و وەڵامی گرینگ

بۆ

خوشکانی موسڵمان

نووسەر :

مامۆستا ئوسامە شارەزووری (تەوحیدی) حفظه الله تعالى

١٤٤٧ک

چەند پـرسيــار و وەڵامـی گـرینگ
بـۆ خـوشكـانی موسڵمـان

نووسـەر :

مـامۆستا ئـوسامە شارەزووری (تـەوحیدی)

حفظه الله تعـالی

بسم الله الرحمن الرحيم

مناصري

الدَّوْلَةُ الإِسْلَامِيَّة

خلافةٌ على مِنهاجِ النُّبوّة

- ١٤٤٧هـ -

پـــێرست

بـــابەت	لاپەڕە

چەند ئەحکامێ لە بارەی سوڕی ئافرەتان و پاکبونەوە و خوێنی نەخۆشی و کەی نوێژ بکات و چۆن بیکات ؟ 1

— پرسیار ئایا ئەگەر پاش پاکبونەوە بەیەکێ لەو دووخاڵەی باسکرا زەردکاو بینرا ئایا لە سوڕی مانگانە ماوە یاخود پاک بۆتەوە ؟.. 2

— پاش پاکبونەوە خوێنی سور ببێنێت ئایا خوێنی سوڕی مانگانەیە یان نەخۆشیە ؟.. 6

— ئافرەتێک پێش بانگی ئێوارە پاک بۆ تەوە ئایا نوێژی نیوەڕۆ و عەسر ئەکات یان تەنها عەسر ؟.. 7

مەحرەمەکانی ئافرەت کێن ؟ 10

— مەحرەمەکانی ئافرەت بەهۆی شیرخواردنەوە.. 12

— مەحرەمەکانی ئافرەت بەهۆی زەواجەوە... 14

حەرام بونی زواج لە نێوان ئافرەتی موسڵمان لەگەڵ هەموو جۆرە کافرێک.......... 15

— باشە ئەی ئەگەر ئافرەت ێ زواج بکات لەگەڵ موسڵمانێ دوواتر ئەو پیاوە موسڵمان هەڵ گەڕێتەوە و ببێت بە مورتەد ئایا زواجەکە چی بەسەر دێت ؟ ئەو زواج ە الفسخ ئەبێت ئەی الفسخ چیە ؟.. 21

ئـايا بۆ ئافرەت دروستە کـاربکات لە دەرەوە؟ حوکمـی ئەو ئافرەتانە چیە لە مارکێتەکـان کارەکەن یان لە خەستەخانەکـان کارمەندن؟ 22

— ئـەگـەر زەرورو وپێویست بویت و نەدار بوویت و پێویستت بەپەیداکردن ی بژێوی هەبێت ئایا دروسـتە ڕۆژانە لەماڵ دەرچیت بـۆ کارکـردن ؟...24

— ئەگەر بەهیچ جۆرێ ئەو تێکەڵاویە ڕوونەیات وە ژورێکی تایبەت بەخۆی هەبێت وە کارەکەی تایبەت بێت بە چارەسەری نەخۆشی ئافرەتـان ئەوا لەم حاڵەتـە بۆی دروسـتە بەو مەرجـانەی خوارەوە...27

ئـایا بۆ ئافرەت ـی موسڵمان دروستە بەبێ مەحرەم لە دارالکـفرەوە هیجرەت بـکات بۆ دار الاســـلام ؟ 29

ئایـا ئافرەتی دووگیـان و شیردەر ڕۆژوو بگرنەوە یان خواردن ببەخشن لە بڕی ڕۆژوو ؟ 34

ئایا بۆ ئافرەتێ لە سـوڕی مانگانەدا بێت دروستە قورئان لە مۆبایل بخوێنت ؟..........39

ئایە سوودی ئەمە چیە کە وێنە بە دەست کێشەوە خوشکانی نیقاب بڵاوی دەکەنەوە لە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان ؟ 42

بەنسبەت چۆنیەتی بانگخوازی بۆ خوشکـانی موەحید 45

چەند پرسیـار و وەڵامی کورت و گرینگ 49

— کاتێ دوو هاوسەر لە ڕۆژی یەکەما ئیجماع ئەکەن ئەم بڕە خوێنە کە لە دامێنی ئافرەت ئەبینێت ئایە نوێژی پێوە بکات دروستە ؟...50

— ئــايه جاييزه ئافرەت ناو بەینی برۆیی بە موکێش لا بدات نە وەک بە موس لای بدات ؟

50..

— ئایه ئافرەت کاتێ لە ڕەمەزان لەبەر عـوزرێک بە ڕۆژوو نابێت بەڵام دواتر دەیەوێ ڕۆژووی شەشەڵان بگرێت ئایە دروستە ڕۆژووی شەشەڵان یەکەم جـار بگرێت دواتر ڕۆژوو فەرزەکــانی بگرێتەوە ؟ 51..

— ئــایه ئەگەر ئافرەتــێ دەستی بەر هاوسەرکەی کەوت دەست نوێژی ئەشکـێت ؟ ئایە ئەبێت دەست نـوێژی نوێ بکـــاتەوە ؟ 52..

— ئایە ئافرەتێک جاییزە کە دووگیانە بچێتە لای دکتۆری پیاو ئایە ئەگەر ئافرەتێک ـی دکتۆر دەست نەکەوێت چی بکــات ؟! 53..

— ئایە دەف بۆ پیاوان و ژنان حوکمی چییە ؟ 54..

— ئایە ئافرەتان کام کتێب بخوێننەوە تا بەم هۆیەوە علمەکەیان پێ بگەینن لە بارەی ئافرەتانەوە شارەزای باشتربێت تــا ڕادەیەک ؟! 54..

— ئافرەت خۆی لە مەحرەم بگرێتەوە بەهۆی هەبوونی عوز (کەشوو نەکات چوونکە دڵنیا نیە کە ئەم کەسە فێرە تەوحید و دیین ـی ئەکات مەگەر خودی ئەو کەسەش موەحید بێت هتد .. واتەعوزری شەرعی هەبێت حوکمی چییە کە داواکاری ڕەت بکاتەوە ؟ 55..

— ئایە ئافرەتانی سەردەمی زێڕینی رسول الله ﷺ کاتێ کە هاوسەرگیریان ئەنجام ئەیا ئەم پۆشاکە کە ڕەنگــی سپیە کە ئێسا هەموو بوک؟ 55..

— ئایە دەرخستنی تۆنی دەنگـی ئافرەت حەڕامە ؟ 57..

— ئـايە جاييزە ئافرەت لە ماڵەوە بە تەنها و وەلەگەڵ ئافرەتانیشدا قورئان بخوێنێ بە دەنگێکی بەرز ؟!...58

— چۆنیەتی نوێژکردنی پیاو و ئافرەت جیایە ؟..58

— ئافرەت کاتێک خوازبێنی یێت واتە داواکاری ئەم ئافرەتە بورقایـە پیاوەی دێتە داوای کە وا هاتووە ڕازییە بەڵام داوا ئەکا ببینێت ئەم کاتە ئافرەتەکە خۆی پێشان ئەیات دواتر بەهۆی ئەوەی ناشرینە ئافرەتەکە وەیا هەمان شێوە ئەم پیاوە یان ئافرەت ڕازی نابێت یان پیاو ئایە ئەمە جاییز ؟..59

— ئافرەتان کاتێک لە سوور پاک ئەبنەوە لەکاتی پاک بوونەوە ئاوەکە ساردە بەهەمان شێوە ئاوی گەرمی دەست ناکەوێ ئایە تەواوە تەیەموم بکا ؟.....................61

— ئایە جاییزە ئافرەت پێش هاوسەرگیری مەرج دابنێت و بڵێت من ڕازی نیم ژنی دووەم بهێنیت ؟ 61

— ئایە جاییزە ئافرەتان ئەگەر دەعوەت کران بۆ ماڵی کەسەکانیان ئەم ئافرەتە بە دەمیانەوە نەچێت بە هۆی تێکەڵاوی دەورو بەریان ؟ 62

— ئایە مێردی خوشک ئەبێتە محرەم ئایە وایە ئەڵێن مەزهەبی شافعی پێ جاییزە و تەواوە خوشکی ئافرەتەکە دابنیشێت لای مێردەکەی و وە حتا دەستیشی بەر دەستی بکەوێت ئایە لە هیچ دەقێک فەرموودەیەک هاتــووە؟...62

— ئەگەر ئافرەتێ خۆی بکـــوژێــت بۆ ئــەوەی تـوش فیتنە نەبـێت ئـایە حوکمـی ئەم ئافرەتە چــییە ؟!..65

— ئــایە ئافرەتان ئەگەر بزانن نابنە هۆی فیتنە جاییزە نیقاب نەکەن ویا خود بۆ هەنێ جار نیقاب بپۆشن وە هەنێ جار لای بدەن کە هەنێ ئافرەت ئەڵێن ئێمە نابینە هۆکار فیتنە لە هەنێ حاڵەت ؟!...66

— ئایا جائیزە ئافرەت بڕواتە سەر گۆڕی پیاوی نا مەحرەم نمونە ئافرەتێک بڕواتە سەر گۆڕی مامۆستا کامەران ؟...66

— ئایە ئافرەت حەب بخوات جاییزە تا نەکەوێتە سوڕی مانگانەوە ؟.........................67

— ئافرەتێک نیەتی بە ڕۆژوو بوونی هێناوە بەیانی کەلە خەو هەڵساوە ئەم خەونەی بینیوە وە غسولی لەسەر واجب بووە ئەم ئافرەتە ئایە ڕۆژووەکەی ئەشکێت نموونە هەڵساوە غسولی کردووە بەڵام لە ڕووژووکەی بەردەوام بووە !؟...67

— بە خۆوە کردنی ئیکسسواراتی (خشڵی) شێوە مار وەک مستیلە یان بازن ئایا لەڕووی دینەوە هیچ نەهی لێکراوە ؟..68

— ئایا ئافرەت بۆی هەیە ڕێگری جیماع لەمێردەکەی بکات بەبیانوی ئەوەی دوونیا ساردە وئاوی گەرم دەست ناکەوێت بۆ غوسل بەبیانوی نەفەوتانی نوێژی بەیانی ڕێگری لەمێردەکەی بکات یان بەپێچەوانەوە مێردەکەی مافی ئافرەتەکە نەیات بەو بیانوە ؟........................68

— چۆنیەتی تەیەموم چۆن دەکرێت ؟..71

— ئایە گەر لە شوێنێک بووی وە نامەحرەمی لێ بوو بە نیقابەکەتەوە نوێژ بکەیت دروستە ؟...71

— ئافرەتێک لە مێردەکەی جیابۆتەوە بۆ چەند ساڵ ئایە لە ڕووی شەرعەوە هێشتا نیکاحی زەواجیان دامەزراوە یان باطڵ بووە ؟...72

— ئایە دەست نوێژ لـە خەزوور ئەشکێت ؟...72

— ئایە گەر باوکی هاوسەر کافر بوو ئایە جائیزە بەبێ لەچک و نیقاب بت بینێت ؟..73

— ئایە بۆ ئافرەت جائیزە زیکر بکات بێ لەچکە ؟.......................................73

—ئایە لە کاتی نوێژدا پێویستە ئافرەت پێیەکانی داپۆشراو بێت ؟...........73

—ئایە ئەگەر هاوسەرەکەت بانگێشت بکەت بۆ لای نەخۆشێک یان میواندارێک بەڵام شوێنەکە تێکەڵاوی ژن و پیاوی تێدا بوو ئایە لەم حاڵەتە بە گوێی هاوسەرەکەت نەکەی گوناحبار دەبیت ؟..74

—ئایە ئەلقەی زەواج بیکەیتە پەنجەت وەیان نەیکەیت چی جیاوازییێک هەیە ؟..74

— ئایە جائیزە لابردنی مووی بە لیزەر ؟...75

— ئایە جائیزە ئافرەت لە ناو ماڵی باوکی هاوسەرەکەیدا بژین پێکەوە ؟............76

— ئایە جیماع کردن لەگەڵ هاوسەرەکەت لە غەیری ماڵەکەی خۆتدا جائیزە ؟..................76

— بۆ دوکەس کە دەزگیراندارن مودەکەیان تاچەنێکە چەندی بەسەردا بروا نیکاحیان بەتاڵەبێتەوەو حەلالی یەک نامێنن ؟ 77

— ئایە ئەگەر ئافرەتێک بیەوێ داپۆشراوبێت ئەگەر بە دیداری الله بگات واتە ویستی الله و بێت بخاتە بەهشتەوە ئایە ئافرەتان داپۆشراون بەهەمان ئەو جل و بەرگانەی وەک نیقاب و بورقا وایە لەوێش ؟ 77

— بۆ دوکەس کە دەزگیراندارن مودەکەیان تاچەنێکە چەندی بەسەردا بروا نیکاحیان بەتاڵەبێتەوەو حەلالی یەک نامێنن ؟...78

— ئافرەت لە دوونیا شوو نەکات ئایە لە بەهەشتاش شوو ناکات ؟ 78

— من کچەکەم نام ناسیتەوە تەقریبەن وا ئەبێتە دووساڵ بەرەو روو نەم بینیوە و ئاوا بۆ ئەو باشتر بوو داوای لێکردم ببمە هاورێی منیش قەبوڵم کرد ئایە لەسەر ئەمە تاوانبار ئەبم من دایکی ئەوم و بەڵام وەک هاورێک خۆم پشانی ئەو ئەدەم ؟......................................78

— ئایا دروستە ئافرەت منداڵی ناو سکی لەبارببات بەهۆی هەژاری ئەگەر دروستی پێم بڵێ سکەکە چەند ؟...80

تێبینی // بۆ خوێندنەوەی ئـــەو بابەتـانەی کە دەتەوێت تەنها کلیل لەسەر ناوی بابەتەکان بکە

چەند ئەحکامــێ لە بارەی سوڕی
ئافرەتان و پاکبونەوە و خوێنی نەخۆشی
و کەی نوێژ بکات و چۆن بیکات ؟

ئافرەت بەچی ئەزانێت لە سوڕی مانگانە پاک بۆتەوە ؟ وەڵام بەدوو شت

یەکەم :- بەوەی ئاوێکی لینجی سپی لە دامێنی دێتە دەرەوە ئەمە ئاماژەیە بۆپاک بونەوە.

دووەم :- ئەگەر ئافرەتێ ئەو ئاوە لینجە سپیەی نەبێت ئەوا پارچە پەموویەکی سپی ئەخاتە دامێنیەوە ئەگەر کاتێ دەری دێنێت پاک بوو هیچ خوێن و زەردکاوێکی پێوە نەبێت ئەوا خۆی دەشوات ، پاشان نوێژ دەکات .

پرسیار ئایا ئەگەر پاش پاکبونەوە بەیەکێ لەو دووخاڵەی باسکرا زەردکاو بینرا ئایا لەسوڕی مانگانە ماوە یاخود پاک بۆتەوە ؟

بینینی زەردکاو لە پاش پاکبونەوە بە سوڕی مانگانە دانانرێت بە بەڵگەی فەرموودەکەی ئوم عطیە کە فەرموویەتی : (کنا لا نعد الصفرة والکدرة بعد الطهر شیئاً)[١] واتا : ئێمە لە پاش پاک بوونەوە لە سوڕی مانگانە هیچ گرنگیمان بۆ زەدی ولێلی نەدەکرد .

– بەڵام بۆ هەر نوێژێ دەستنوێژی تازە هەڵئەگرێت .

– بەڵام ئەگەر زەردکاو و لێلی هەبێت پێش دەرچونی ئاوی سپی ئەوا هێشتا پاک نەبۆتەوە.

(١) : رواه أبو داود (307) ورواه البخاري (320)

نموونە : ئافرەتێک وادەی سوڕی مانگانەکەی حەوت ڕۆژ یان هەشت ڕۆژە وە ئاوی سپی یان وشک بونەوە ڕووی نەداوە هەر زەرد ولێلیەک لەم ماوەیەدا ببینرێت ئەوا نیشانەی ئەوەیە هێشا پاک نەبۆتەوە بەڵام هەرکات ئاوە سپیەکەی بینی یان دامێنی وشک بویەوە لەخوێن و زەردی و لێلی ئەوا ڕێک خۆی ئەشورێت و نوێژ ئەکات دوای ئەوەش ئەگەر زەردی ببینێت غوسل ناکات و بەسوڕی مانگانە دانانرێت .

ابن عباس ڕەزای الله لێ بێت فەرموویەتی : (ولا يحل لها إذا رأت الطهر ساعة إلا أن تغتسل) واتا : بۆ ئافرەت دروست نیە ئەوکاتەی ئەبینێت پاک بۆ تەوە ئەبێت ڕاستەوخۆ خۆی بشۆرێت .

– وە دوای ئەوە هەر زەردی و لێلیەک ببینێت ئاوڕی بۆ نایاتەوە و بەسوڕی مانگانە حساب ناکرێت .

پرسـیارێکی تر ئافرەتێکـ هەموو جارێ سوڕی مانگانەی حەوت ڕۆژە بەڵام لەڕۆژی چوارەم ناوڕەحمی وشک ئەبێتەوە هیچ خوێن و زەدی نامێنێ کاتێ پەموویەک بخاتە دامێنی بەپاکی دەرئەچێت یان ئاوە سپیەکەی لێ دەرچێت ئایا چاوەڕێ بکات تا حەوت ڕۆژەکەی تەواوبێت یان ڕاستەوخۆ خۆی بشۆری و نوێژکـات؟

وەڵام :- هەرکات یەکێ لەو دووخاڵەی پاکبوونەوە دەرکەوت لە ئافرەتدا ئەوا پاکبۆتەوە ئەگەر چی دوای سعاتێکی تر دیسان خوێنی حەیزی لێدەرچێتەوە ئەوا ئەوکاتەی کە پاک بونەوەی لێ دەرئەکەوێت ڕاستەوخۆ خۆی ئەشۆرێت و نوێژەکەی ئـەکات.

ئیمام ـی النووي ئەفەرموێت : (علامة انقطاع الحيض ووجود الطهر أن ينقطع خروج الدم، وخروج الصفرة والكدرة، فإذا انقطع طهرت ، سواء خرجت بعده رطوبة بيضاء أم لا) (١)

واتـا : نیشانەی پاکبونەوە لە حەیز بریتیە لە پچڕانی خوێن هاتنە دەرەو و پچڕانی دەرچونی لێلی وزەردی هەرکات ئەو دووە پچڕا ئەوا پاک بۆتەوە جا ئاوە سپیەکە ببینێت یاخود نا.

(١) : المجموع"(2/ 543)

البهوتي ئەفەرموێت : (وإن طهرت في أثناء عدتها، طهرا خالصا لا تتغير معه القطنة إذا احتشتها، ولو أقل مدة) [١]

واتـا : ئەگـەر پاک بویەوە لە وادەی سوڕی مانگانەکەی پاک بونەوەیەک کە پەمویەک بخاتە دامێنیەوە هیچ خوێن و زەردی ولێلی لەگەڵ دەرنەچێت ئەوا پاک بۆتەوە ئەگەرچی وادەی پاکبونەوەکەشی لەو سوڕی مانگانەیەی کەم بێت .

چونکە شتێکی زانراوە "سوڕی ئافرەت زیاد وکەم ئەکات بۆیە واجبە لەسەر ئافرەت هەرکات بینی پاک بۆتەوە ڕاستەوخۆ غوسل بکات و هەموو تەکلیفە شەرعیەکانی لەسەرە" وئەنجامی ئەيات گەر دوای ئەو پاک بونەوەیە خوێنی حەیزی بۆهاتەوە کەئافرەت خۆی خوێنی حەیز ئەناسێت بەرەنگ و بۆنەکەی ئەوا دیسان دەست هەڵئەگرێ تاپاک ئەبێتەوە بەتەواوی بەڵام ئەو نوێژەی کە لەنێوان پاک بونەوە و دووبارە هاتنەوەی حەیزەکەدا کردوویەتی دروستە و سەحیحە هەرچـەندە هەندێ لە زانایان وتویانە ئافرەت هەرکاتێ پێش وادەی خۆی هەستی بەوشک بون کرد نیو ڕۆژ چاوەڕێ ئەکـات یان ڕۆژێک بۆئەوەی دڵنیابێتەوە چونکە سروشتی خوێن وایە دێت و ئەپچڕێت بەڵام وتەکە هەڵەیە هەرکات بەیەکێ لەدوونیشانەکە ئافرەت هەستی بەپاک بونەوە کرد ڕاستەوخۆ خۆی ئەشۆری ونوێژەکەی ئەکات وە زەردی ولێلی پاش پاکبونەوەش گرنگ نیە .

---

(١) : كشاف القناع" (1/ 212)

پاش پاکبونەوە خوێنی سور ببنێت ئایا خوێنی سوڕی مانگانەیە یان نەخۆشیە ؟

وەڵـام :- خوێنی سوڕی مانگانە مەیلەو ڕەشە بەڵام خوێنی نەخۆشـی سورە وە خوێنی سوڕی مانگانە تەنک نیە بەڵکو خوێنیکی توند و ئەستورە بەڵام خوێنی نەخۆشی تەنکە بۆنی خوێنی حەیز بێزارکەر و پیس و ناخۆشە بەڵام بۆنی خوێنی نەخۆشی بەوشێوە نیە هەربۆنی خوێن ئاساییە.

بۆیـە هەرکات پاش پاک بونەوەی خوێنی سوری بینی ئەوا خوێنی نەخۆشیە ڕێگری نوێژ و ڕۆژوی لێ ناکات بۆ هەر نوێژێ دەستنوێژ هەڵئەگرێت و نوێژەکەی ئەکـات بەڵام گەر خوێنەکە خوێنی حەیزبێت چاوەڕێ ئەکات تاپاک ئەبێتەوە گەر ئەم خوێنە کە مواسەفاتەکانی خوێنی حەیزە نەوەستایەوە و لەپانزە ڕۆژ زیاتری تێپەڕاند ئەوا بە خوێنی نەخۆشی دائەنرێت لەسەر وتەی "شێخ ئیسلام ابن تیمیە وجمهوری زانایان واتـا تاپانزە ڕۆژ یان کەمتر مواسەفاتەکانی خوێنی حەیزی هەبێت ئەوا بەسوڕی مانگانە حسابە بەڵام لە پانزە تێپەڕی ئەوا خوێن نەخۆشیە " جاگەر ئافرەتێ توشی ئەو نەخۆشیە بوو خوێن ڕۆشتنی پانزە ڕۆژی خایاند ئەوا کاتێ ئەکەوێتە سوڕی مانگانی دواتر بەحسابی مانگەکانی پێش نەخۆش کەوتنی بە خوێن بەربون مامەڵە ئەکات واتـا ئەگەر مانگەکانی پێش خوێن بەربون سوڕی مانگانەکەی حەوت ڕۆژ بوە یان هەشت ڕۆژ بوە ئەو ڕۆژانە ئەژمێرێت پاشان خۆی ئەشۆرێت بۆ هەموو نوێژێک دەستنوێژ

هەڵئەگرێت و نوێژەکەی ئەکات یان ئەگەر لە توانای بوو هەردوو خوێنەکە لێک جیاکاتەوە هەرکات زانی خوێنی سوڕی مانگانەکەی تەواو بوە ئەو خوێنەی کە بەردەوامە خوێنی نەخۆشیەکەیە ئەوا غوسل ئەکات و بۆ هەرنوێژێ دەستنوێژ تازە ئەکاتەوە .

ئافرەتـێک پێش بانگی ئێوارە پاک بۆ تەوە ئایا نوێژی نیوەڕۆ و عەسر ئەکات یان تەنها عەسر ؟

ئیمام ی ابن قدامة رحمه الله ئەفەرموێت : (إِذَا طَهُرَتْ الْحَائِضُ , قَبْلَ أَنْ تَغِيبَ الشَّمْسُ , صَلَّت الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ, وإن طَهُرَتْ قَبْلَ أَنْ يَطْلُعَ الْفَجْرُ صَلَّت الْمَغْرِبَ وَالعِشَاءَ) واتـا :[١] ئافرەت ئەگەر پێش خۆر ئاوابوون پاک بویەوە (واتا پێش بانگی ئێوارە) ئەوا نوێژی نیوەڕۆ و عەصر پێکەوە ئەکات ئەگەر پێش نوێژی بەیانی پاک بویەوە ئەوا نوێژی ئێوارە و عیشا ئەکاتەوە چونکە الْأَثْرَمُ , وَابْنُ الْمُنْذِرِ , و جگە لە وانیش بەسەند گێڕاویانەتەوە لە عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ و عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ کە فەرموویـانە لە بارەی ئافرەتێ کە لەسوڕی مانگانەدا یە ئەگەر پێش نوێژی بەیانی پاک بویەوە ئەوا نوێژی ئێوارە و عیشا ئەکات وە ئەگەر پێش ئێوارە پاک بویەوە ئەوا نیوەڕۆو و عەسر ئەکاتەوە.

(١) : المغني" (1/239)

(بەڵام زانایانی حەنەفی و هەندێ لە حەنابلە فەرموویانە تەنها ئەو نوێژە ئەکات کە کاتەکەی ماوە واتا پێش مغریب پاک بویەوە تەنها نوێژی عەسر ئەکات چونکە لە کاتی نوێژی عەسر دایە بەڵگـەشیان فەرموودەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (من أدرك ركعةً من الصَّلاة فقد أدرك الصَّلاة) واتـا : ئەوەی بگات بە ڕکعاتێ لە نوێژ گەیشتوە بە نوێژ وشـەی (الــ) صـلاة بۆ عەهدە واتـا ئەگەر لە کاتی ئەو نوێژە بگات بەڕکاتێک ئەوا گەیشتوە بە نوێژەکە.) [١]

جا ئەم کەسـەش لەکاتی نوێژی عەسردایە بەڵام کات نوێژی نیوەڕۆی پەڕاندوە وهیچ لە کاتی نوێژی نیوەڕۆ نەماوە وە کاتێ کە نیوەڕۆی نەکردووە عوزری شەرعی هەبوە و لە سەری واجب نەبوە ئیتر چۆن فەرمانی پێ بـکەین کە نوێژی نیوەڕۆ بکات لە کاتێکدا نوێژی نیوەڕۆی لەسەر واجب نەبوە چونکە ئەوکاتە لە سوڕی مانگانە بوە وە ئافرەت لە سوڕی مانگانە لەشەرع ـدا نوێژی لەسەر هەڵگیراوە و فەرمانی پێ نەکراوە کە قەزای بـکاتەوە وە نوێژکاتەکانی دیاریکراوە جگە لەو حاڵەتانەی لەشەرع باسکراوە جائیز نیە کاتی نوێژێـک لە کاتی نوێژێکی تردا بـکرێت .

---

(١) : (الموسوعة الفقهية" (13/73) .

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (من أدرك ركعة من العصر قبل أن تغرب الشمس فقد أدرك العصر)

واتـــا : ئەوەی بگات بەڕکعاتێ لە عەسر پێش خۆرئاوابون ئەوا گەشتوە بە نوێژی عەسر واتا ئەگەر خۆر ئاوا بوو ئەوا ئیتر کاتی عەسری فەوتاوە و نەگەیشتوە بە عەسر و چۆتە کاتێکی تری نوێژەوە .

مەحرەمەکانی ئافرەت کێن ؟

مەحرەمەکانی ئافرەت لە نەسەبدا

قال الله تعالى : { وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ }[1]

واتـا : جوانیی و خشڵی خۆیان دەرنەخەن لە ئاستی نامەحرەم، بێجگە لەوەی لێی دەردەکەوێ بۆ مێردەکانیان نەبێت یان بۆ کوڕی خۆیان یان بۆ کوڕانی مێردەکانیان یان بۆ براکانی خۆیان یان بۆ کوڕی براکانیان یان بۆ کوڕی خوشکەکانیان.

زانایـان ئەفەرموون لەم ئایەتەدا دەرەکەوێ مەحرەمەکان ـی ئافرەت لەنەسەبدا ئەمانە

١- باوکـی ئافرەت تابچێتە سەرەوە (واتا باوکی باوک و باپیر هەتا بڕواتە سەروتر.

٢- منداڵەکانی ئافرەت جا ئەمە منداڵی منداڵەکانیشی ئەگرێتەوە تا بەرەو خوارتر

٣- براکـانی ئافرەت جابرای بێت لە دایک و باوکەوە یان تەنها برای بێت لە دایک یان تەنها لە باوک

٤- کوڕی براکانی ئافرەت واتا (برازای ئافرەتەکە) تا بەرەوخوارتر واتا کوڕی برازاکانیشی بەرەو خوارتر هەمووی مەحرەمە

٥- کورەکانی خوشک تا بەرەوخوارتر

---

(١) : سورة النور آية 31

٦- مام و خاڵی ئافرەت ئەوانیش لە مەحرەم ـی ئافرەتن لە نەسەب ـدا چونکە لە قورئان ـدا مام لە ڕیزی باوک باسکراوە کە کوڕەکانی پێغەمبەر یەعقوب بە یەعقوبیان فەرموو :

{ قالوا نعبد إلهك وإله آبائك إبراهيم وإسماعيل وإسحاق }[١]

اسماعیل مامـی یەعقوب بوو بەڵام ئەوان لەڕیزی باو وباپیرانی هەژمارکرد.

مەحـرەمەکانی ئافرەت بەهۆی شیرخواردنەوە

ئیمام ـی الالوسي رحمه الله   ئەفەرموێت : (ثم إن المحرمية المبيحة لإبداء الزينة للمحارم كما تكون من جهة النسب تكون من جهة الرضاع، فيجوز أن يبدين زينتهن لآبائهن أو أبنائهن من الرضاع)[٢]

واتـا : لە مەحرەمەکـانی ئافرەت کە بۆی حەڵاڵە جوانی خۆی دەرخات بۆیان وەکچۆن بۆی جائیزە جوانی خۆی دەرخات بۆ مەحرەمەکانی لەنەسەب ـدا بەهەمان شێوە بۆ مەحرەمەکـانی لە شـیردا بۆی دروستە باوک و کوڕە شیریەکانیان جوانیەکانیان دەربخەن .

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (فإنه يحرم من الرضاعة ما يحرم من النسب)[٣] واتـا : ئەوەی بەنەسەب لەئافرەت حەرام ئەبێت (واتا ئەبێتە مەحرەم ئافرەت) بەهەمان شێوە لە شیرەوە ئەوکەسانەش ئەبنە مەحرەمی .

---

(١) : سورة البقرة آية 133
(٢) : تفسير الآلوسي 18/143
(٣) : صحيح مسلم بشرح النووي 10/22.

(هەرئافرەتێ پێنج جار شیری یابێت بە منداڵێک وە منداڵەکە تەمەنی لە نێوان یەک ڕۆژ تا دووساڵ بێت ئەوا ئەو ئافرەتە ئەبێتە دایکی منداڵەکە)[1]

واتا ئەو کەسانەی لە نەسەب ئەبن بە مەحرەم بۆ ئافرەت لە ڕێگەی شیریشەوە ئەبن بە مەحرەمی

— مێردی ئەو ژنەی شیری پێداوە ئەبێتە باوکی

— وە منداڵەکانی ئەبنە خوشک و برای

— وە برای مێردی ژنەکەی ئەبێتە مامی

— وە برای دایکی شیری ئەبێتە خاڵی

— وە منداڵ برا شیریەکانی

— وە منداڵی خوشکە شیریەکانی

(١) : المغني لابن قدامة (8/ 177)

مەحرەمەکانی ئافرەت بەهۆی زەواجەوە

مەحرەمەکانی ئافرەت بە هۆی زەواجەوە

١- ژنی باوک (باوەژن) کوڕەکانی مێردەکەی ئەبن بەمەحرەمـی

٢- باوکی مێردەکەی (ئەبێتە باوکی ئافرەت)

٣- دایکی ژنەکەی (ئەبێتە دایک بۆمێردی کچەکەی)

٤- مێردی دایـک (واتا هەرپیاوێ زواج بکات لەگەڵ ئافرەتێـک کە ئەوئافرەتە لە مێردی پێشووی منداڵی هەیە دوای زواجکردنی بە مێردە تازەکەی ودوای گواستنەوە ئەوا ئەو پیاوە ئەبێتە باوک بۆ منداڵەکانی ئافرەتەکە واتا ئەبێتە مەحرەم بۆ کچەکانی ئافرەتەکە) [١]

(١) : تفسير القرطبي (5/101) .

حەرام بـونی زواج لە نێوان ئافرەتی

موسـڵمان لەگەڵ هەموو جۆرەکـافرێک

خوشکی موسڵمانم کاتێ داواکارێکی زواجت یەت سەیری ئەوە مەکە خاوەن ماڵ وسامان ە بەڵکو سەیری ئەوە بکە ئایا خاوەن دین وئیمان و ڕەوەشتە یاخود نا چونکە گەر زواجت کرد بەکەسێ کە موشریک و کافربێت ئەوا ئەو زواجە " لە شەرعدا باطڵە وە الله حەڵاڵت ناکات بۆ هیچ کافرێک مانەوەت لەلای کافر بە زینا و تاوان ئەنوسرێت " بەڵگەکان لەسەر حەرام بونی زواج ی نێوان ئافرەت ی موسڵمان لەگەڵ کافر وموشریکان.

قال الله تعالى : {وَلا تَنْكِحُوا الْمُشْرِكاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ } (١)

ئیمامی ابن جرير الطبرى رحمه الله ئەفەرموێت : (أن الله قد حرَّم على المؤمنات أن ينكحن مشركًا كائنًا من كان المشرك، ومن أيّ أصناف الشرك كان) (٢)

واتا : الله تعالى قەدەغەی کردوە لەسەر ئافرەتانی باوەڕدار لەکەسی موشریک مارەبکرێن جاهەر کەسێک بێت ئەوموشریکە وەلەهەر جۆرە موشرکێک بێت عكرمة والحسن البصري فەرموویانە : (حرَّم المسلمات على رجالهم، يعني رجال المشركين) واتا : الله تعالى ئافرەتی موسڵمانی لەسەر پیاوی موشریکان حەرام کردووە .

---

(١) : سورة البقرة آية 221

(٢) : تفسير ابن جرير (4/ 370)

ئیمام ی البغوي رحمه الله لە تەفسیری هەمان ئایەت فەرموویەتی : (هَذَا إِجْمَاعٌ: لَا يَجُوزُ لِلْمُسْلِمَةِ أَنْ تَنْكِحَ الْمُشْرِكَ) (١)

واتا : ئەمە یەکدەنگی زانایان ی لەسەرە کە دروست نیە ئافرەتی موسڵمان مارەکریٚ لە موشریک .

الرازي رحمه الله ئەفەرمویت : (مەبەست لەم ئایەتە گشتیە واتا حەڵاڵ نیە ئافرەت ی موسڵمان لە کافر مارەکریٚت جاهەرجۆرە کافریٚ بیٚت (ئەصلی بیٚت یان مورتەد ئەهلی کتاب بیٚت یان غەیری کتاب بیٚت) (٢)

ئیمام ی الشافعي رحمه الله ئەفەرمویت : (فَالْمُسْلِمَاتُ مُحَرَّمَاتٌ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مِنْهُمْ بِالْقُرْآنِ، بِكُلِّ حَالٍ وَعَلَى مُشْرِكِي أَهْلِ الْكِتَابِ) (٣)

واتا : ئافرەتی موسڵمان حەرامە بۆ موشریکان بە دەقی قورئان وە بەهەموو شیٚوەیەک وە حەرامن بۆ موشریکانی ئەهلی کتاب (جولەکە وگاور).

السرخسي الحنفي رحمه الله فەرموویەتی : (ئەگەر ئافرەتیٚکی ئازادی موسڵمان زواج ی کرد لەگەڵ ئەهلی کتابیٚکی ئەهلی ذمە ئەوا لەیەکتر جیائەکریٚنەوە لەبەر وتەی الله تعالى : {وَلَا تُنْكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُوا} وە لەبەر فەرمودەی پیٚغەمبەر ﷺ کە

(١) : تفسیر ئیمام البغوي (1/ 256).
(٢) : تفسیر الرازي (6/ 413).
(٣) : أحكام القرآن (1/ 189).

فەرمووی : (الْإِسْلَامُ يَعْلُو، وَلَا يُعْلَى) ئیسلام بەرز وبالا دەستەبێت وهیچ شتێ بەسەرئیسلام بالادەست وبەرزنابێت)[1]

وە الله تعالی زواجی نێوان ئافرەتی ئیماندار و پیاوی کافری حەرام کردووە تا ئەو کاتەی پیاوەکە ئیمان ئەهێنێت و ئەبێت بە موسڵمان قال الله تعالی : { وَلَا تُنْكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُوا } واتا : زواج لەگەڵ موشریکان مەکەن هەتا ئیمان ئەهێنن .

تێبینی :- زواج ی پیاوی موسڵمان لەگەڵ ئافرەتی ئەهلی کتاب (جولەکە و گاور کە ئەهلی عەهد بن لەگەڵ موسڵمانان جائیزە جگە لە ئافرەتی ئەهلی کتاب بۆ پیاوی موسڵمان حەلاڵ نیە زواج لەگەڵ ئافرەتی کافران ی تر بکات بەلام ئافرەتی موسڵمان لە هیچ کافرێک حەلاڵ نیە تەنها ئەبێت زواج لەگەڵ موسڵمان بکات) چـــــونکە پیاو بالا دەستە بەسەر ئافرەتەوە بۆیە دروستە پیاوێ موسڵمان بالا دەست وزاڵ بێت بەسەر ئافرەتی ئەهلی کتاب بەلام دروست نیە ئافرەت موسڵمان ژێر دەستەی پیاوێـکی کافربێت چونکە ئیسلام بەرزوبالادەستە نابێت کوفر زاڵ بێت بەسەر ئەهلی ئیسلام وببێت بەخاوەن فەرمان بەسەر موسڵمانەوە .

(١) : تفسیر ئیمام البغوي (1/ 256).

بەڵـگەی دووەم قال الله تعالـی : { لا هُنَّ حِلٌّ لَهُمْ وَلا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ} (١)

ئیمام ـی القرطبي رحمه الله ئەفەرمویّت : (واتـا الله حەلاّلـی نەكـردە ئافرەت ئیماندار زواج لەگەڵ كافر بكات وە بۆپیاوی ئیمانداریش ـی حەڵاڵ نەكردووە زواج لەگەڵ ئافرەتی موشـریک بكات (تەنها ئەهلی كتاب ـی لیّ دەرچیّت) (٢)

ئیمام ـی ابن كثیر رحمه الله ئەفەرمویّت : (هَذِهِ الْآيَةُ هِيَ الَّتِي حَرَّمَتِ الْمُسْلِمَاتِ عَلَى الْمُشْرِكِينَ) (٣) واتا : ئەم ئایەتە ئافرەت ـی موسڵمانـی لە سەرپیاوانی موشـریک قەدەغەكردوە .

بـەڵگـەی سیّهەم قال تعالی: { وَلَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا } (٤)

واتـا : هەرگـیز الله تعالی ڕیّگە نایا بۆ باوەڕان بەسەر موسڵمانان بن و زاڵ بن بەسەریاندا.

الكاساني الحنفي رحمه الله ئەفەرمویّت : دروست نیە ئافرەت ـی موسڵمان لە ئەهلی كتاب و مەجوس و بت پەرست مارەكریّ چونكـە شەرع هەموو پەیوەندیەكی فەرمانداری پچڕاندوە لە نیّوان موسڵمان و كافران وەک الله فەرموویەتی {وَلَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلا} ئەگـەر دروست بیّت ئافرەت موسڵمان زواج لەگەڵ

---

(١) : سـورة الممتحنة آية 10.
(٢) : تفسير القرطبي (18/ 63).
(٣) : تفسير ابن كثير (8/ 121).
(٤) : سـورة النسـاء آية 141.

کافربکات ئەوا بەدروست ـی زانیوە کافر ببێت بەخاوەن فەرمانی موسڵمان وباڵا دەست بێت بەسەر موسڵمـان وەئەمەش دروست نیـە)[١]

بەڵگەکاب بە ئیجماع ابن قدامة رحمه الله ئەفەرمویت : (کەسـی کافر دەسەڵات ـداری بۆنیە بەسەر ئافرەتی موسڵمان لە هیچ حاڵەتـێکدا ئەمەش وتەی یەکدەنگی زانایانە نمونەی مَالِكٌ وشافعی و ابوعبید و و ئەهلی ڕەئی وە ابن المنذر فەرموویـەتی (هەموو ئەوانەی زانستمان لێ وەرگرتون لەسەر ئەمە کۆدەنگن)[٢]

ابن جزي رحمه الله ئەفەرمویت : (وَإِن نِكَاح كَافِر مسلمة يحرم على الإطلاق بِإِجْمَاع)[٣] زواجکردن ـی ئافرەتی موسڵمان لەگەڵ کافر حەرامـە بەڕەهایی وەبەیەکدەنگی .

– کەواتـا زانیت ئافرەت ـی موسڵمان بەدەقی شەرع و ئیجماع حەرامە وزواج ـی دانامەزرێت لەگەڵ هیچ کافرێک چی کافری ئەصلی بێت یـان مورتەد بێت

(١) : بدائع الصنائع (2/ 272).
(٢) : المغني (7/ 27).
(٣) : القوانين الفقهية (: 131).

باشە ئەی ئەگەر ئافرەت ێ زواج بکات لەگەڵ موسڵمانێ دوواتر ئەو پیاوە موسڵمان هەڵ گەڕێتەوە و ببێت بە مورتەد ئـایا زواجـەکە چی بەسەر دێت ؟ ئەو زواج ـە الفسخ ئەبێت ئەی الفسخ چیە ؟

الفسخ بریتیە لەهەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەبنچینەو بناغەوە ئەم فسخ ـە بەهۆکاری حوکمێکی شەرعی ڕوودەدات یان بەبڕیاری دادوەری شەرعی

نمـونەی ئەو حاڵەتانەی الفسخ ڕوو ئەیات

١- ئەگەر ژن یان پیاو لە ئیسلام هەڵگەڕێتەوە وسووربێت لەسەرئەوەی نەبێتەوە بەموسڵمان ئـەوا ئەو گرێبەستی زواجە (الفسخ) ئەبێت واتا لەڕەگەوە هەڵ ئەوەشێتەوە.

٢- بێ توانای مێرد لە نەفەقەی خێزانەکەی.

٣- بوونی عەیبێک لە هەریەکێکیان کە ژیانی هاوسەرگیریان پەک بخات.

— کەواتـا گەر مێردت مورتەد بێتەوە ئەوا نکاح ـەکە هەڵ ئەوەشێتەوە ماناوەت لە لای حەرامـە و دروست نیە بۆ. ئافرەت ـی موسڵمان لە ژێر دەسەڵات و فەرمانی کافردابێت.

ئایا بۆ ئافرەت دروستە کاربکات لە دەرەوە؟
حوکمی ئەو ئافرەتانە چیە لە ماڕکێتەکان
کارەکەن یان لە خەستەخانەکان کارمەندن؟

بەیارمەت ی الله تعالی ئەڵێین لە ئەصـلدا ئەبێت ئافرەت لە ماڵەوە بمێنێتەوە وە دەرنەچێت تەنها بۆ زەرورەت نەبێت چونکـە الله تعالی فـەرموویەتی : { وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَىٰ }[(١)]

واتـا : ئێوە لە ماڵەکانی خۆتاندا ئۆقرە بگرن (واتە بێ کاری پێویست لە ماڵ دەرنەچن نابێ ئێوە وەک سەردەمی جاهیلیەتی زوو بێ کاری پێویست لە ماڵەوە دەردەچن .

کەواتـا ئەصل وایە تەنها لەبەر پێویستیەک ئافرەت دەربچێت چونکە ئافرەت کە دەرئەچێت لەماڵ و ئەکەوێتە بەرچاوی خەڵـک شەیطان ئەیڕازێنێتەوە و لەچاوی خەڵکدا سەرنج ڕاکێشی ئـەکات ئەگەرچی ئافرەتەکـە نیقابیش بێت پێغەمـبەر ﷺ فەرموویـەتی : (المرأة عورة ، وإنها إذا خرجت استشرفها الشيطان ، وإنها لا تكون أقرب إلى الله منها في قعر بيتها)[(٢)]

واتـا : ئـافرەت عەورەتە وە کەلەماڵ دەرەچێت شەیطان ئەیڕەزاێنێتەوە لە چاوی پیـاوان وە نزیکـترین کات ئافرەت لە الله ـوە نزیک بێت ئەوەیـە کە لەناو ماڵەکەی خۆیـدا بێت .

سەرنج بـەن رسول الله ﷺ ئەمەی فەرموو لەکاتێـکدا ئافرەتانـی موسڵمان هەموویان

(١) : سـورة الأحزاب آية 33 .
(٢) : رواه ابن حبان

پۆشتەو جل ـی شەرعیان پۆشی بـوو هێشتا ڕێگری کردوە لەوەی بۆ زەڕوڕەت نەبێت لەماڵ دەرنەچن چونـکە ئەبن بەهۆی فیتنە (ووتم ئەبێت حاڵی ئەو بەناو نیقابانە چۆن بێت کە خۆیـان عەرز ئەکەن و پۆست ئەکەن بۆ پێش چاوی سەدان و هەزاران پـیاو ئایا ئەبێت چەند دووربێت لە الله کاتێ ئـاوا خۆت دەرخەیت)

— کەواتـا ئەصل ئەوەیە ئافرەت زۆر دەرنەچێت لە ماڵ ئەگەر زەڕوڕنەبێت ئەمە وەک قـاعیدەیەکی گشـتی لەسەر دەرچونی ئافرەت .

بـەڵام ئـەگـەر زەڕوڕ وپێویست بویت و نەدار بوویت و پێویستت بەپەیداکردن ـی بژێوی هەبێت ئایا دروسـتە ڕۆژانە لەماڵ دەرچیت بۆ کارکـردن ؟

وەڵام بـەڵێ دروسـتە بەڵام بەم چـەند مەرجـە

١- پێویستت بـەکردن ـی کارێکی حەڵاڵ بێت بـۆ دابینکردن ـی بژێوی ژیانت.

٢- ئەوکـارەی ئەنجامی ئەیـەیت لەگەڵ سروشتی ئافرەت بـگونجێت (وەک کاری جل دوورین یان صیدلیەی تایبەت بەخۆت دانێیت تایبەت بە پێداویستی ئافرەتان ..هتد).

٣- شوێنی کـارەکەت پیاوی تێدانەبێت و تێکەڵاوی نەبێت [واتـا لە ژێر یەک سەقف ـدا ئافرەت و پیاو یەکتربینین و بەریـەک کەوتن و پێـکەوە هەستان و دانیشتن و قسەکردن

لەگەڵ یـەکدا روونەدات] أبي أسيد الأنصاري رضي الله عنه ئەفـەرمویّت بيستم رسول الله ﷺ ئەیـفەرموو بە ئافرەتان : (استأخرن، فإنه ليس لكن أن تحققن الطريق، عليكن بحافات الطريق. فكانت المرأة تلتصق بالجدار حتى إن ثوبها ليتعلق بالجدار من لصوقها به)[1]

واتــا : ئێوە چاوەڕێ بـکەن و دوابکەون وە لە ناوەڕاستی ڕێـگادا ڕێ مەکەن بەڵکـو کەناری ڕێـگاکەکـە بگرن (ئەم هاوەڵە بەڕێزە ئەفەرمویّت دوای ئەم فەرمانەی رسول ﷺ) ئافرەتان هێندە کەناری ڕێـگاکەیـان ئەگرت بۆ ڕۆشتن ئەونوسـان بەدیووارەوە وەجلەکانیـان دەئالا بەدیوارەکـانەوە .

ئـەمـە لەکاتێـکدا ئەم ئافرەتانە بۆ نوێژی جەماعەت ئـەهاتن وە ڕێـگاش ڕێگایـەکی عام و گشـتی و ناچـاریە لەگەڵ ئەوەشـدا رسول الله ﷺ ڕێگەی هاتوچۆی پیاو وئافرەتی لێـک جیاکـردەوە کەواتــا دروست نیـە لەژێر سەقف ـی ماڕکێتێک کە پیاوی تێدایـە وە پیاو دێت شتت لائەکرێت وە بەریـکەوتن و قسەکردن و بگرە هەندێکات دەست بەریەک کەوتن ڕووئـەیـات پێغەمبەر ﷺ فەرموویـەتی : (لأن يطعن في رأس أحدكم بمخيط من حديد خير له من أن يمس امرأة لا تحل له)[2]

---

(١) : رواه أبو داود.
(٢) : رواه الطبراني.

واتــا : گەر شیشێکــی ئاسن بکەن بەســەری یەکێک لەئێوە دا بۆی باشترە لەوەی دەست ـی بەرئافرەتێ کەوێ کەبۆی حەڵاڵ نیە (واتا مردن بۆی باشترە لەوەی دەستی بەرکەوتەی نامەحرەمـی بێت)

وە ئەم کــارەش ئەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەت سەیری پیاوی کرِیار بکات تابزانێت ئەو پیاوە چی ئەکرێت وە چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەکات ئەمەش شکاندنی فەرمانی الله یە کەفەرموویــەتی : {وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلا مَا ظَهَرَ مِنْهَا} [١] بۆیە شەرعی نیە وحەرامە ئافرەت لەمارکێتەکان کاربکات کەمارکێتیکی تێکەڵاوە وسەرئەکێشێ بۆدەیان مەفسدە وخراپەکاری

وە کارمەندی ئافرەت لە خەستەخانەکــان ئەگەر ژورەکەشی جیابێت بەڵام پیاو بچێتە ژورەوە بۆلای بەتەنها یــان بەرێوبەرەکەی جارجارە سەردان ـی ژورەکەی بکات یــان بەرێوبەرەکەی بانگی بکات بۆ ژوورەکەی خۆی یــان کۆبێتەوە لەگەڵ دکتۆرە پیاوەکــانی تر گەر ئەم حاڵەتانەی تێ بکەوێ دیســان حەرامە و دروست نیە ئەوکــارە بکات.

(١) : سورة النور آية 30 / 31.

بەڵام ئەگەر بەهیچ جۆرێ ئەو تێکەڵاویە ڕوونەیات وە ژورێکی تایبەت بەخۆی هەبێت وە کارەکەی تایبەت بێت بە چارەسەری نەخۆشی ئافرەتان ئەوا لەم حاڵەتە بۆی دروستە بەو مەرجانەی خوارەوە.

١- پابەندبێت بە نیقاب وبورقای شەرع ـی لەکاتی چوونەدەرەوەی لەماڵ تاهاتنەوەی لە سەرەوە تاخوارەوە یەکپارچە پۆشتەبێت بە جلی شەرعی دەمچاو و چاو هەموو لاشەی پۆشتەبێت بە عەبا و نیقاب و بورقا وە ڕەنگی جلەکەش ڕەنگێکی سەرنج ڕاکێش و کراوە نەبێت.

٢- ئەم کارەی سەرنەکێشێت بۆ دەرچونی لە شارەکەی خۆی بەبێ مەحرەم (چونکە دەرچونی ئافرەت بۆ سەفەر گەر لەگەڵ ئافرەتیش بێت بەبێ مەحرەم ـی خۆی حەرامە و جائیزنیە).

٣- ئەم کارەی نەبێت هۆی ئەوەی سەرتەکسی بکەوێت لەگەڵ پیاوێکی نامەحرەم ـدا یان لەگەڵ هاوپیشەیەکی پیاویدا توشی تێکەڵاوی ببێت گەر ئەم خاڵەی تێ بکەوێت ئەوا بۆی جائیزنیە.

٤- ئەم کارکردنەی نەبێت هۆی پشت گوێ خستنی ماف ـی منداڵەکانی وبەڕێوبەردنی کاروباری ناوماڵەکەی.

پوختـەی ووتـە هەرکـارێـک چی مارکێت بێت یان فەرمانگەی حوکمـی بێت گەر خودی کارەکەش حەڵاڵ بێت بەڵام ئافرەت و پیاو لەژێر سەقفێکـدا یەکتربینین و بەریـەککەوتن و قسەلەگەڵ یەکردن و هەستان و دانیشتنیان پێکەوە بێت و وتێـکەڵاوی تێدا دروست بێت ئەوا حەرامـە

بـەڵام گەر ئـافرەتێ لە شـوێنێکدا دووکانێ دانێت بـۆ خۆی وە خۆی کاری لەسەر بـکات وە پارێزراوبێت لەوەی بەرکەوتنی لەگەڵ پیاوان هەبێت وە پابەندبێت بەجلـی شەرعی و هەڵسوکەوت ـی شەرعی جائیتر جل ـی ئافرەت بفرۆشێت یان صیدلیەی هەبێت ئافرەت ومنداڵان چارەسەربکات یـان خواردن بفرۆشێت هەرشـتێک بێت لەو بـابەتانە ئەوا بـۆی جائیزە بەومەرجـانەی باسکران ئەمما " گەر نیقابیش بێت بەڵام لەناو بازاڕێکی تێکـەڵ بە پیاوان وەستاوە عەتر و بۆن ئەیـات لەدەست ـی پیاوان و عەتر ئەفرۆشێت بە پیاوان وە پیاوان ئەچنە ژوورەوە بـۆ لای و بەریکەوتن ودەیان مەفسدەت ـی لێ ئەکەوێتەوە...هتد هەموو ئەمـانە جائیزنیـە وحەرامـە".

یـان بەنیقابەوە لەسەرمارکێتێکە پیاو وئافرەت تێکەڵن ئـەمە هەمووی حەرامە وناشـەرعیە یان لەسـەر کاشـێرە پارە لەپیاوان وەرئەگرێت وبەرکەوتەی هەیە لەگەڵ سەدان پیاو لەڕۆژێـکدا هەموو ئەمـانە حەرام ـن وجائیزنیـە

ئــايا بۆ ئافرەتـی موسڵمان دروستە بەبێ مەحرەم لە دارالكــفرەوە هیجرەت بـكات بۆ دار الاســـــلام ؟

گومان ـی تێدانیە مانەوە لە دارالکـفر ـدا هەڕەشەی لەسەرە وەک الله تعالى ـدەفەرموێـت : { إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ ۚ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا ۚ فَأُولَٰئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا }(١)

واتـا : بێگومان ئەوانەیان کــە فریشتە گیانیـان و وەکێشــن لە کاتێکدا ناهەقییان لە بەرامـبەر نەفسی خۆیان کرد بەهۆی مانەوەیـان لە وڵاتی کـوفر ـدا لەسەرەمەرگدا فریشــتەکان پێیان ئەڵـێن باشە ئێوە لە کوێبوون، بۆچی لێرە کۆچتان نەکردو لەگەڵ موشریکەکاندا مانەوە ؟! ئەوانیش ئەڵێن: ئێمە بێ دەسەڵات و لاوازکرا بووین، نەمان دەتوانی بۆهیچ لایە کۆچ بکەین و بەناچاریی هەر لەوشوێنە ماینەوە فریشتەکان پێیـان دەڵێن: ئایا زەویی الله فراوان و ئاواڵە نەبوو تا لەوێ کۆچ بکەن و بڕۆنە جێگایەکی ترو، بە ئازادانە دینداری بـکەن جا لە قیامەتدا ئەوانـە جێگایان دۆزەخ ـە ئەویش چارەنووسێکی نالەبارو خراپە .

وە بە پێـچەوانەشەوە الله تـعالى موژدەی خۆشی یـاوە بەوانەی لە پێناویدا لە دارالکــفر دەردەچن بۆ دارالاسـلام ـوەک ـدەفەرموێـت : { وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ

---

(١) : سورة النساء آية 97.

يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً ۚ وَمَن يَخْرُجْ مِن بَيْتِهِ مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا}(١)

واتــا ؛ هەرکەسێک لە پـێناو الله لەزێدی خۆی کۆچ بکات لـەو وڵاتەدا کەبۆی دەچێ گەلێ جێگاو شوێنی باشی حەوانەوەی بۆ دەبێ و دەکەوێتە فەرەحانییەوە وە هەرکەسێک لەماڵی خۆی دەرچێ و کۆچ بکا بۆلای الله و پەیامبەرەکەی ﷺ پاشان لە رێدا مردنی پێگەیشت، پێش ئەوەی بگاتە ئەوجێگایەی بۆی دەچێ ئەوە بێگومان پاداشی کەوتۆتە سەر الله تـعالی و بۆی مسۆگەر دەبێت وە الله تعالی هەمیشە تاوانپۆشی میهرەبانە.

بـۆیە لەبەر گەورەیی و گرنگـی هیجرەت حوکم ـی هیجرەت جیاوازەخۆی لە ئـەصڵدا ئافرەت بۆی نیە بەبێ مەحرەم سەفەر بـکات بۆ هیچ شوێنێ بەڵام " حاڵەتی هیـجرەت لە دارالکفرەوە بۆ دار الاسـلام یەکێکە لەو حاڵەتانـەی کە دروسـتە بێ مەحرەم هیجرەت کات".

ئیمـام ـی النووي رحمـه الله ـدەفەرموێـت : (وَاتَّفَقَ الْعُلَمَاء عَلَى أَنَّهُ لَيْسَ لَهَا أَنْ تَخْرُج فِي غَيْر الْحَجّ وَالْعُمْرَة إِلَّا مَعَ ذِي مَحْرَم ، إِلَّا الْهِجْرَة مِنْ دَار الْحَرْب ، فَاتَّفَقُوا عَلَى أَنَّ عَلَيْهَا

(١) : سـورة النسـاء آيـة 100.

أَنْ تُهَاجِر مِنْهَا إِلَى دَار الْإِسْلَام وَإِنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهَا مَحْرَم ، وَالْفَرْق بَيْنهمَا أَنَّ إِقَامَتهَا فِي دَار الْكُفْر حَرَام إِذَا لَمْ تَسْتَطِعْ إِظْهَار الدِّين ، وَتَخْشَى عَلَى دِينهَا وَنَفْسهَا) [١]

واتـا : زانایان تـێکرا کۆدەنگـن کە ئافرەت بۆی نیە دەربـچێت بێ مەحرەم بۆ جگە لە حەج و عەمرە تەنـــها هیجرەتکردن نەبێت لە دارالـکـفرەوە هەموو زانایان کۆڕان کە لە سەری واجبە هیجرەت بـکات بۆ دار الاسـلام ئەگەرچی مەحرەمێـکیشی لەگەڵ نەبێت جیاوازیەکەش ئەوەیە مانەوەی لە دارالـکـفر حەرامە ئەگەر نەتوانێ دینەکەی دەربخات و لە دین و گیانی خۆی بـترسێت .

ئوم سەلەمە کەبـوو بەیەکێ لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ سەرەتا خێزانی ابو سەلەمەی کوڕی عبدالاسد بوو کاتێ لەگەڵ مێردەکەی هیجرەت ـی کرد بۆ حەبەشە بەڵام دواتر ویستی لە حەبەشەوە هیجرەت بکات بۆ مەدینە ابو سەلەمە ڕێگری لێ کـرد بۆیە ام سلمە دەستی منداڵەکەی گرت و بەڕێکەوت بۆ مەدینە لە ڕێگادا عوثمان بن طلحەی بینی ئەو گەیاندی بە مەدینە بۆیە کە ابو سەلەمەش وەفاتی کرد زواجی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ .

ئیمام ـی ابو العباس القرطبي رحمـه الله ـدەفەرمووێـت : (اتُّفق على أنه يجب عليها أن تسافر مع غير ذي محرم إذا خافت على دينها ونفسها) [٢]

(١) : شرح صحيح مسلم" (9/104).
(٢) : المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم " (11 /6).

واتـا : زانایان کۆڕان کە واجبـە ئافرەت دەربچێت و لەوشوێنە بڕوات ئەگەر مەحرەمیشی لەگەڵ نەبـێت کاتێک کەوا ترس هەبێت لەسەر خۆی و دیـنەکەی .

— کەواتـا حەج بەو گەورەیی و فەرزبونەی خۆی هەنێ لە زانا بەدروستـی نازانن بەبێ بونی مەحرەم بەڵام هیجرەت بە کۆڕای زانایان دروستە بۆ ئافرەت بەبێ مەحرەم

— ئەمەی بـاسکرا بۆ هیجرەتی واجبە ئەمما هیجرەتـی سونەت پێویستە مەحرەمـت لەگەڵ بێت و بەئیزنـی دایک وباوکی موسڵمان بێت.

— بەڵام " هیجرەتـی واجب ئەومەرجانە نایگرێتەوە چونکـە هەرشتێ واجب بێت ئەوا گرتنە بەری ڕێگاکەش واجب دەبێت " وە گوێڕایەڵی بەندەش ناکرێت لە شکاندنی فەرمانـی الله تعالی ـدا.

ئایا ئافرەتی دووگیان و شیردەر ڕۆژوو بگرنەوە یان خواردن ببەخشن لە بڕی ڕۆژوو ؟

زانایان لەم بارەیەوە ڕاجیاوازن لە بارەی ئافرەتێکی دووگیان یان شیردەر کاتێ ڕۆژوو ناگرێت لە ڕەمەزان دا بۆچونەکان دابەش بون بۆسەر ئەم وتانە

وتەی یەکەم :- ئەڵێن پێویستە لەسەری تەنها ڕۆژووەکە بگرێتەوە ئەمەش بۆچون ـی ئیمام ـی ئەبو حەنیفە و علی کوڕی ابی طالب ـە ڕەزای الله ـی لێ بێت.

وتەی دووەم :- ئەڵێن ئەگەر ئافرەتەکە لە خۆی و منداڵەکەی ترسا بۆیە ڕۆژوی نەگرت ئەوا ڕۆژووەکە ئەگرێتەوە بەڵام ئەگەر ترسەکەی تەنها لەسەر منداڵەکە بێت ئەوا ڕۆژوکە ئەگرێتەوە و خواردنیش ئەبەخشێ (فدیە) ئەمەش بۆ چونی شافعی واحمدە.

وتەی سێهەم :- ئەڵێت (ئافرەتی شیردەر ودووگیان ڕۆژوناگرێتەوە تەنها خواردن ئەبەخشێت ئەمەش بۆچونی هاوەڵی بەڕێز عبدالله ـی کوڕی عباس ـە)[1]

ابن عباس ـەوە کە لەتەفسیری ئایەتی { وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ} واتە : ئەو کەسانەی کە بەسەختی ڕۆژویان بۆ ئەگیرێت فدیە ببەخشن خواردن بۆ هەژاران.

ابن عباس دەفەرموێت ئەم ئایەتە (كَانَتْ رُخْصَةً لِلشَّيْخِ الْكَبِيرِ وَالْمَرْأَةِ الْكَبِيرَةِ وَهُمَا يُطِيقَانِ الصِّيَامَ أَنْ يُفْطِرَا وَيُطْعِمَا مَكَانَ كُلِّ يَوْمٍ مِسْكِينًا وَالْحُبْلَى وَالْمُرْضِعُ إِذَا خَافَتَا قَالَ

(١) : المغني (3/37) ابن قدامه.

أَبُو دَاوُد يَعْنِي عَلَى أَوْلادِهِمَا أَفْطَرَتَا وَأَطْعَمَتَا) .[١]

واتـا : مۆڵـەتە بۆ پیاوی بەتەمەن و ئافرەتی پەککەوتە ئەمانە ناتوانن بە ڕۆژوو بـن ڕۆژووناگرن تەنها فدیە ئەیـەن لەگەڵ ئـافرەتی دووگیـان و شیردەر ئەگەر ڕۆژوگرتن ترسی بۆی هەبێت ئەبـو داود دەفەرموێ واتە ئەگەر ترس ـی هەبوو لەسەر منداڵەکەی ڕۆژوناگرێت تەنها خواردن ئەيات .

ئیمـام ـی البزار ئەوەشی زیاد کـردووە : (وَكَانَ ابْنُ عَبَّاسٍ يَقُولُ لأُمِّ وَلَدٍ لَهُ حُبْلَى : أَنْتَ بِمَنْزِلَةِ الَّتِي لا تُطِيقُهُ فَعَلَيْك الْفِدَاءُ , وَلا قَضَاءَ عَلَيْك)[٢]

واتـا : ابن عبـاس بە دایکی منداڵێکی خۆی فەرموو کـاتێ دووگیان بـوو پێی وت تۆ لە ڕیزی ئەوانەی کە ناتوانن بە ڕۆژووبن تەنها فدیەت لەسەرە وگرتنەوەت لەسەر نیـە .

ئیمام ـی الجصاص لـە " أحكام القرآن" ڕاجیاوازی هاوەڵان دەگێڕێتەوە لەسەر ئەم بابـەتە : اخْتَلَفَ السَّلَفُ فِي ذَلِكَ عَلَى ثَلاثَةِ أَوْجُهٍ ; فَقَالَ عَلِيٌّ : : عَلَيْهِمَا الْقَضَاءُ إذَا أَفْطَرَتَا وَلا فِدْيَةَ عَلَيْهِمَا . وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ : عَلَيْهِمَا الْفِدْيَةُ بِلا قَضَاءٍ . وَقَالَ ابْنُ عُمَرُ: عَلَيْهِمَا الْفِدْيَةَ وَالْقَضَاءُ "

(١) : أبو داود بەژمارە (2318) ئەیـگێڕێتەوە نەوەوی دەفەرموێ سەنەدەکەی حسـن ـە

(٢) : ئیمام ی الدارقطنی بەسەحیح ی داناوە الحافظ ابن حجر گێڕاویەتیەوە لە "التلخیص"

سەلەف لەم بـابەتەدا سێ بۆچونیان هەیە

١- علی ـدەڵێت ڕۆژوو دەگرێتەوە وفدیەی لەسەر نیـە

٢- ابن عباس ـدەڵێت فدیە ـدەدات ڕۆژوناگرێتەو

٣- ابن عمر ـدەفەرموێ فدیە دەدات و ڕۆژوش دەگرێتەوە

بەڵگـەی ئەوانەی ئەڵێن دەبێت ڕۆژوو بگرێتەووە ئەم فەرمودەیەیە کـە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەت ـی : (إِنَّ اللَّهَ وَضَعَ عَنْ الْمُسَافِرِ نِصْفَ الصَّلاةِ ، وَالصَّوْمَ ، وَعَنْ الْحُبْلَى وَالْمُرْضِعِ).[١]

الله تعالی لەسەر کەسی موسافر نیوەی نوێژی هەڵگـرتوە لەگەڵ ڕۆژودا بەهەمان شێوەش بۆ دووگیان وشیردەر ، (دەڵێن پێغەمبەر ﷺ کەسی دووگیان و شیردەری وەک کەسی موسافر حساب کـرد چونکە موسافر ڕۆژوی لەسەر هەڵنەگیراوە بەتەواوی بەڵکو دواتر دەیگرێتەوە بەهەمان شێوەش دووگیان وشیردەر دەیگرنەوە)

بەڵگـەی دوەمیان قیاس ـە ئەڵێن : (شیردەر و دووگیان وەک کەس نەخۆش وایە ڕۆژو ناگرێت دواتر ئەیگرێتەوە کاتێک کـەوا نەخۆشیەکەی لائەچێت)[٢]

(١) : ئیمام ـی النسائي (2274) لە ئەنەس دەیگێڕێتەوە. (أحكام القرآن" للجصاص
(٢) : المغني (3/37) ، "المجموع" (6/273) .

بـۆچونـی نزیـک لە حەق و صەواب بەلای خۆم ـەوە ئەوەیە کە شـیردەر و دووگیان حوکمیان وەک حوکم ـی کەسی نەخۆشە ئەگەر ڕۆژووگرتن لە سەری قورس بوو ئەوا ڕۆژووناگریت بەڵام دواتر ڕۆژوەکە ئەگرێتەوە کاتێ قۆناغەکەی تێپەڕاند.

– بابەتەکەش ڕاجیاوازی تێدایە هەرکەس هەر بەڵگەیەکی لاپەسـەندە و بەهەق ـی ئەزانێت دروستە دەست ـی پێوە بگرێت.

ئایا بۆ ئافرەتێ لە سـوڕی مانگانەدا بێت دروستە قورئان لە مۆبایل بخوێنت؟

وەڵام :- بەڵێ لە مۆبایل یان بەوەی خۆی لە بەریکردوە دروستە بیخوێنتەوە بەڵام بۆی نیە دەست بات لە قورئان بـەڵگەش ئەوەیە کە پێغەمـبەر ﷺ بە دایکە عائیشەی فەرموو : (افعلي ما يفعله الحاج غير أن لا تطوفي بالبيت حتى تطهري)

واتـا : ئەوەی حاجیەکان دەیـکەن تۆش بیکە تەنها سوڕانەوە بە دەوری کەعبە نەبێت تاپاک ئەبیتەوە.

نەیفەرموو قورئان و زیکر مەکە کەواتـا ئافرەتی حائض لە عیباداتـدا لەو کاتەیدا تەنها نوێژ و ڕۆژوو دەست ـدان لە قورئانی لێ قەدەغەکراوە ئەگینا بۆی هەیە قورئان و زیکری الله بکات بەڵام نە پیاوی لە شگران نە ئافرەتێ کە لەسوڕی مانگانەدایە بۆی نیە دەست لە قورئان بات بە بەڵگەی فەرموودەی : (يمس القرآن إلا طاهر)[١] واتـا : کەس دەست لە قورئان نەیات تەنها ئەوەنەبێت کە پاکوخاوێنە و بەدەست نوێژە.

لە ابن عمر هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ گێڕدراوەتەوە : (كان لا يمس المصحف إلا وهو طاهر)[٢] واتـــا : دەستی لە قورئان نەئەیـا ئیلا بە دەستنوێژ و پاکێتیەوە نەبێت.

سلمان الفارسي گەر دەست نوێژی نەبایە ئەیفەرموو : (إني لست أمسه إنما لا يمسه إلا المطهرون) من دەست لەقورئان نایەم چونکە کەس نابێت دەستی لێ بات تەنها ئەوانە

(١) : رواه مالك (468) ، وابن حبان (793) .
(٢) : (رواه ابن أبي شيبة في مصنفه)

نەبێت کەبەدەستنوێژەوەن وپاکن).[1]

(١) : رواه الدارقطني في سننه، كتاب: الطهارة، باب: في نهي المحدث عن مس القرآن

ئایە سوودی ئەمە چیە کە وێنە بە دەست کێشەوە خوشکانی نیقاب بڵاوی دەکەنەوە لە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان ؟

خوشکی بەڕێزم یەک سودی ئەوەم پێ بڵێ کە وێنەی دەستی خۆت بەدەست کێشێکەوە بڵاوکردۆتەوە ئەگەر ئەزانیت بەوشێوە خەڵک زیاتر ئەبن بە موەحید و خەڵک باشتر تەقوای الله ئەکەن ئەوا پێمان بڵێ تا ئێمەی برایانیش لە مرۆوە دەست کەین بە بڵاوی کردنەوەی دەستمان چونکە نەمان زانی بوو خەڵک بە هۆی بینینی دەستەوە هیدایەت وەرئەگرن یان هەرسودێکی تری بۆ دین هەیە بێ بەشمان مەکەن و سودەکەی بڵێن پێمان خۆگەر ئەڵێی سودی بۆ دین نیە کەواتا بە ناوی دینەوە دەست بڵاومەکەرەوە ئەوە ئیشی ئەهلی دەعوە و هیدایەتی ئافرەتانی سەلەف نیە ئەوان نەچون دەستی خۆیان پیشان پیاوان بەن بابەدەستکێشەوە بێت .

یان بەژن و باڵای خۆت پۆستەکەی ئایا ئەمە سودی بۆدین هەیە یان بۆ زواج ؟

کە بە بۆ چونی من سوودی بۆهیچیان نیە چونکە

١- دینی الله داوات لێ ئەکات خۆت دەرنەخەیت بۆبەرچاوی پیاوان

٢- بۆ زواج یش ئەگەر زۆر زەروڕی و زۆرت پەلەیە پێویست ناکات خۆت پۆست کەیت بە ئاقڵانە بڕۆ بە خوشکێکی خۆت بڵێ کە لەڕێگەی مەحرەمێکی خۆیەوە پیاوێ باشت بۆ بدۆزێتەوە ئەو پیاوەش پیاوانە لە دەرگای ماڵی باوکت بات و خوازبێنیت

بکات نەک داوای خۆت لە خودی خۆت بـکات بێ ئیزن ـی وەلی ئەمرت و عقدی نکاح لە چاتەوە ژن و مێردایـەتی بۆ یەکتری بـکەن و شوێن تەڵەی شەیطان بکەون چونکـە تۆ وەلی ئەمرت بـاوکتە ئەبێت لە باوکت داخوازیت کـات نەک لە دەرگای تیکتۆک و ماسنجەر و تلگرامەکەی خۆت بات.

وە بڕواش ناکـەم کەس پەکی زواجی کەوێت هەرکات الله ویستی لێ بێت ئەوەی بۆت نوسـراوە الله بە حەڵالی پێتەبەخشێ ئیتر خۆت پۆست بکەیت و نەکەیت هیچ لە قەدەری الله تعالی نا گۆڕێت تەنها ئەوەیە کە بەو خۆدەرخستنە خۆت تاوانبارەکـەی وە موسڵمانان توشـی تاوان و دڵنەخۆش خستن ئـەکەیـت .

بـۆیـە وازبێنن لە خۆپیشان دان بە خەڵـکـی بانگەوازت پێ ئەکرێ بەعلم ـەوە بیکـە پێت ناکـرێ بینەر وخوێنەر بـە شوێن هەنگاوەکـانی شەیطان مەکەون

قال تعالی : { وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ ۚ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ }(١)

واتـا : هەرگیز بە شوێن هەنگاوەکانی شەیتانیشدا مەڕۆن و پەیرەویی لێ مەکەن چونکـە ئەو دوژمنێکی ئاشکراتانە.

(١) : سـورة البقرة آيـة 168.

بەنسبەت چۆنیەتی بانگخوازی بۆ خوشکانی موەحید

دوو ڕێگـای گرینگ هـەن

بـا شتروایـە خوشـكانمان لەكات ـی بانگەوازدا چەند خالێ جێ بەجێ بـكەن ئەگەر خوشـكێ بیەوێ دوور لە تاوان بێت دەعوە بـكات ئەوا با یـەكێ لەم دوو ڕێگە دەعوەیـە بگرێتە بەر یـان گەر كاتی هەبـوو هەردوو ڕێگـاكـە بگرێتە بـەر

ڕێگەی یـەكەم :- ئەكـاوەنت بۆ دەعوەی گـشتی واتا پۆسـتەكـانی عەقیـدەی و حەدیث و كاری ڕاگەیـاندن بۆ دەولە بێت لەم حاڵەتە پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاوو بـكەیت

١- دانـانی ناوێكی سەربەخۆ بۆ نمونە بـانگەوازی ئیسـلام یـان تەوحیـد یان مەنهەجی ئەهلی سـوننەت یـان پشـتیوانانـی شەریعەت ..هتد

٢- دانـــەنـانی وێنەی ئافرەت واتـا دەرنەكەوێت كە خاوەن ئەكاوەنت ئافرەتە خەڵـك نەزانێت ئافرەتیت یان پیاویت .

٣- لە بایۆكەی بنوسێت چات داخـراوە بو هەمووان وە بەفعل ـی چاتـی دابخات بۆ خوشـك و براش چات داخراو بێت .

٤- كۆمێنت دابـخات بە و شێوە نەبرایـان لێ نزیک ئەبنەوە نە تێكەڵاوی برایان ئەبێت وە دەعوەیەكی پاكیش ئەكـات.

بـەڵام بـەڕاسـتی جێگەی داخە لەناو موناسـڕان زۆر دەگمەن ئەبینیت خوشـكێ هەبێت گـرنگی بات بە بانگەوازی نوسین و بڵاوكـردنەوەی دین لە ڕێگەی نوسـینەوە كە

نوسینی علم ڕێبازی موسڵمانان بوە لە سەردەمی هاوەڵان و زانایان و طالب علمەکان بوە تاوەکو ئێستا بۆیە لە بڕی ئیدتی نەشیدێ کە سەت جار بەسەت شێوە بڵاوکراوەتەوە هەوڵبە بنوسیت و لە ڕێگەی نوسینەوە علمەکە و دینەکە بڵاو بکەیتەوە .

ئەبینیت ئافرەتانی کۆمەڵە گومڕاکان هەیانە بە نوسین و کتێب و نامیلکە نوسین عەقیدەی خۆی بڵاو ئەکاتەوە بەڵام بە داخەوە لە موەحیدە کوردەکان زۆر کەم و دەگمەن خوشکی لەو شێوەیە ئەگەر هەبێت ئەمەش جێگەی داخە کە خوشکانی موەحید کە مێکیان طالب ی علمن کە ئومێد ئەکەین ئەوانیش وەک برایان هیمەتێ بکەن لەطلب ی علم و نوسین و بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی.

ڕێگەی دووەم دەعوەی تایبەتە :- واتا ئەم ئەکاوەنتە تایبەتە بە وەرگرتنی ئافرەتان و پۆستت تەنها دەربارەی ئەحکامەکانی ئافرەتە یانیش پۆستت عامە بەڵام تەنها ئافرەت وەرئەگریت لەم حاڵەتە کێشە نیە بەناوی ئافرەتەوە داینێی بەڵام بەو مەرجەی کۆ مێنت داخراوبێت وە چاتی گشتیت داخراو بێت تەنها خوشکان وەربگریت تەنها خوشکان بتوانن چاتت بۆ بنێرن بۆ وەڵامی پرسیارەکانیان بۆیە ئەو خوشکەی کە علم ی پێیە ئەتوانێ وەڵام خوشکان باتەوە ئەوا ئەکاوەنتەکەی تایبەت بکات بە

خوشـكان و فۆڵۆ وچاتی برایان وەرنەگرێت.

ئەگەر هەرخوشـكێ لە توانایدا بێت هەردوو ڕێگا دەعوەكە بگرێتەبەر لە یەك كاتدا دەعوەی گشتی و دەعوەی تایبەت بكات بە دوو ئەكاوەنت ئەوا نور علی نور كارێ زۆرباش ئـەكـات بەڵكو الله تعالی خوشـكانێكی خاوەن علم بڕەخسێنێت تاخوشـكانیش پرسیارەكانیان ئاڕاستەی ئەوان بكەن چونكە بەوشێوە ئێمـەو وبرایـانیش كارمان ئاسانترئەبێت وزیاتر دوور ئەكەوینەوە لە مەترسـی و توش بون بە فیتنە .

چەند پرسیار و وەڵامی کورت و گرینگ

پرسـاری یەکەم //

کاتێ دوو هاوسەر لە ڕۆژی یەکەما ئیجماع ئەکەن ئەم بڕە خوێنە کە لە دامێنی ئافرەت ئەبیبێت ئایە نوێژی پێوە بکات دروستە ؟

وەڵام :- خوێن ـی بوکێنی گەر لە پاش غوسل دابەزێت دەستنوێژ ئەشکێنێت بەڵام بەسوڕی مانگانە دانانـرێت و غوسل واجب ناکات ئەگەر ئافرەتەکە خۆی لەکات ـی سوڕی مانگانە و لە شگرانیـدا نەبێت بۆیە گەر لە پاش غوسل ئەوخوێنە هاتەوە ئەوا چاوەڕێ ئەبێت تا خوێنەکە بوەستێت گەر زان ـی کات نوێژەکەی دەچێت و خوێنەکە بەردەوام ـە ئەوا جلەکەی ئەگۆڕێت و خۆی پاک ئەکاتەوە و دەستنوێژ هەڵئەگـرێت وشتێک هەڵئەگرێت پێش خوێنەکەی لێ بگرێت بەوحاڵەوە نوێژەکـات بەهۆی ئەو عوزرەی کەهەیـەتـی.

پرسـاری دووەم //

ئـایە جاییزە ئافرەت ناو بەینی برۆیی بە موکێش لا بدات نە وەک بە موس لای بدات ؟

وەڵام :- هەڵکێشانی مووی نێوان برۆکان حەڕامە ئەمەش وتەی ئیمامی ابن قودامەی حەنبەلیە رحمە الله کـە ئەفەرمووێت : (هەڵکێشانی نەفرەتی لەسەرە) ئەما لابردنی بە موس یان کورتکـردنەوەی نێوان برۆکانی جائیزە لە سەر وتەی ڕاجحی زانایان.

پرسـاری سێیەم //

ئایە ئافرەت کاتێ لە ڕەمەزان لەبەر عوزرێک بە ڕۆژوو نابێت بەڵام دواتر دەیەوێ ڕۆژووی شەشەڵان بگرێت ئایە دروستە ڕۆژووی شەشەڵان یەکەم جـار بگرێت دواتر ڕۆژوو فەرزەکـانی بگرێتەوە ؟

وەڵام :- ئەم بابەتە لە ناوزانایـان ڕاجیاوازی لە سەرە بەڵام لەسەر وتەی ڕاست ودروست ئەوەیـە بەڵێ شەرعیە و جائیزە شەشەڵان بگریت پاشان ڕۆژوە قەرزەکان بەیتەوە شـێخ ـی ئیسلام شیخ ابن تیمیة رحمه الله ئەفەرموویـەت ـی : (یجوز أن یتطوع قبل القضاء لأن عائشة أخبرت أنها كانت تقضي رمضان في شعبان ويبعد أن لا تكون تطوعت بيوم)

واتـا : دروسـتە ڕۆژوی سونەت بگریت پێش قەزاکردنەوەی ڕۆژوی فەرز چونکە دایکمـان عائیشە فەرموویەت ـی ڕۆژوە قەرزەکان ـی ڕەمەزان ـی لەمانگی شعبان گرتۆتەوە دوورە کەپێش دانەوەی قەرزەکە ڕۆژوی سونەت ـی نەگرتبێت .

– بۆیە بەڵێ دروستە بـەڵام باشتر وایە گەر بۆت کرا قەرزەکان بەیتەوە پاشـان سونەت بگریت بـەڵام سونەتەکە پێش بخەیت دیسان جائیزە لەسەر وتەی ڕاجح

پرسـاری چوارەم //

ئـایە ئەگەر ئافرەتـێ دەستی بەر هاوسەرکەی کەوت دەست نوێژی ئەشکـێت ؟ ئایە ئەبێت دەست نـوێژی نوێ بکـاتەوە ؟

وەڵام :- ڕای پەسەند و دروست دەست نوێژ بە دەست لێیان لە خێزانی خۆت نـاشکێت جـا بە شەهوەتەوە بێت یان بێ شەهوەت بەو مەرجەی هیچ شتێکت لێ نەیەتە دەرەوە (واتە لە دامێنی پیاو بێت یان ئافرەت) بەڵگەش ئەوەیە کە دایکە عـائیشە ئەفەرمووێت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ماچی خێزانەکەی خۆی ئەکرد پاشان ئەچوو بۆ نوێژکـردن وە دەست نوێژی نە ئەگرتەوە وە هەر کە دایکـە عائیشە ئەفەرمووێت : کە رسول الله صلى الله عليه وسلم نوێژی ئەکـرد و منیش قاچم درێژ کـردبوو بە پێشیدا هەرکات بویستایە سوجدە بەرێت دەستی لە قاچم ئەیات تا قاچم کۆ بکەمەوە منیش کۆم ئەکردەوە.

ـ کەواتە دەست لێدان بە شەهوەتەوە بێت یان بێ شەهوەت دەست نوێژ ناشکێنێت (بەڵام دەست بەرکەوتنی پیاوی نامەحرەم تاوانێکی گەورەی کردووە ئەبێت تەوبە بکات بەڵام دەست نوێژی ناشکێت گەر هیچ ئاوێکی لێوە دەرنەچێت) .

پرسـاری پێنجەم //

ئایە ئافرەتێک جاییزە کە دووگیانە بچێتە لای دکتۆری پیاو ئایە ئەگەر ئافرەتێک ی دکتۆر دەست نەکەوێت چی بکـات ؟!

وەڵام :- گـەر لە هیچ شار و شوێنێ دکتۆری ئـافرەتی دەست نـەکەوت بۆ چـارەسەری نەخۆشیەکەی تەنها لـەلای پیاوێک نـەبێ وە زۆریش نـاچار بێت ئەوە بۆی شەرعیە و الله تعالی ڕێگەی پێداوە : (وقد فصل لكم ما حرم عليكم إلا ما اضطررتم إليه) وە بە وتەی تێکڕای زانـایان بۆی جائیزە لەو حـاڵەتەدا چارەسەری خۆی لای ئەو دکتـۆرە پیاوە بکـات چوونکە حاڵەتەکە نـاچارییە وە الله تعالی لە ناچاریدا بۆی مرۆڤێک نـەمرێ لە برسا بەراز و مردارەوە بوو حەڵاڵ بکـات بۆی من باب الاولی چـارەسەرکردنی نـەخۆشیـەکەی یـان منداڵ بوونەکەی بکـات بەڵام ئەمە گـریمانەیەکی دوورە لە واقع ـەوە چوونکە ئێستـا کوردستـان دەیان دکتۆری تـایبەت بە منداڵ بـوونی لێیە لـە زۆربـەی شـارەکـان بۆیە گـەر لە شـارەکەی خۆی دکتـۆری ئافرەتی دەست نـە کەوت ئەچـێ بۆ شـارێ تر دەستی ئەکەوێت واتە گەر لە وەڵاتەکە یەک دکتۆری ئـافرەتی لێبێت ئەبێت بچێت بۆ لای ئەو دکتـۆرە لەوێ خۆی چارەسەر بکـات گەر هیچ ئـافرەتێ لەو وەڵاتە نەبوو بۆ چـارەسەری نە خۆشییەکەی ئەو کـات بۆ لای دکتۆری پیاو ئەچێت کەلە واقعیشدا شتێ لەم شێوازە زۆر مەحاڵ و دەگمەنە.

پرسـاری شەش //

ئایە دەف بۆ پیاوان و ژنان حوکمی چییە ؟

وەڵام :- بۆ پیـاوان هـەموو کات حـەڕامە بۆ نـاو ئـافرەتان ئەتوانن لێی بەن لـە جەژن لە کـاتی زەواج تەنهـا بۆ نـاو ئافرەتان نەک لە کـاتی تێکەڵاوی واتـە (تەنهـا لە و دوو حاڵەتەدا جـائیزە و دروستــە غەیری ئەوە حـەڕامە) .

پرسـاری حەوت //

ئایە ئافرەتان کام کتێب بخوێننەوە تا بەم هۆیەوە علمەکەیان پێ بگەین لە بارەی ئافرەتانەوە شارەزای باشتربێت تـا ڕادەیەک ؟!

وەڵام :-

1



2



خوشکانمان دەتوانن خوێنەری ئەم دوو کتێبە بن تا ڕادەیەک خۆ شارەزاکردنیان لەبواری فقهدا.

بەو ئەحکامانەی ئافرەت نوسراون بەڵام گەر بتەوێت بگەڕێیتەوە بۆزانایان ـی کۆنتر ئەوا مسائل ـی ئیمام احمدهەیە بەڵام هەموو بابەتێکی تێدانیە نەک تەنها فقهی ئافرەت هەروەها المغنی ئیمام ـی ابن قودامە.

پرسیاری هەشت //

ئافرەت خۆی لە مەحرەم بگرێتەوە بەهۆی هەبوونی عوز (کەشوو نەکات چوونکە دڵنیا نیە کە ئەم کەسە فێرە تەوحید و دیین ـی ئەکات مەگەر خودی ئەو کەسەش موەحید بێت هتد .. واتە عوزری شەرعی هەبێت) حوکمی چییە کە داواکاری ڕەت بکاتەوە!

وەڵام :- ئافرەت خۆی ئازادە چی جۆرە پیاوێ پەسەند ئەکات تەنها گرنگ ئەوەیە ئەوپیاوەی پەسەندی ئەکات دین ورەوشتی جوان بێت بۆیە خۆی ئازادە چی جۆرێک پەسەند ئەکات بەوشێوەی کەخۆی ئەیەوێت و خۆی حەزی لێیەتی.

پرسیاری نۆیەم //

ئایە ئافرەتانی سەردەمی زێڕینی رسول الله ﷺ کاتێ کە هاوسەرگیریان ئەنجام ئەیا ئەم پۆشاکە کە ڕەنگی سپیە کە ئێسا هەموو بوکەکان بەکار ئەهێنن ئایە وابوو لەم سەردەم ئەگەر هەبوو بەڵگەمان چییە ؟!

وەڵام :- ئەوەندەی من زانیومە جلێکی تایبەت نەبوە بۆ ئەو ڕۆژە لەبەری بکەن بەڵکو ئەوەی هاتوە باشترین جلەکانیان لەبەرئەکرد بەڵام بابەتی جلی سپی جائیزە لە بەربکرێت بەڵام بەمەرج جلی تازە بۆ زواج لە شەرعدا ڕێگە پێدراوە هەر ڕەنگێک بێت بەو مەرجەی مەرجەشەرعیەکانی تێدابێت واتا لە زاهیردا جیاوازی هەبێت لەگەڵ جلی کافران وە عادەتی موسڵمانان بوە بۆ زواج جلێ تازە بپۆشن جا جلەکە هەرشێوازێ بێت گرنگ ئەوەیـە

١- مەرجە شەرعیەکانی تێدابێت.

٢- و پیاوی نامەحرەم نەیبینێت.

ئەمما پیاو بیبینێت حەرامە وە ئەم بۆچونە بۆچونی بەشێکی زۆری گەورە زانایانە وە هەندێکیش لە زانایان بە جائیزی نازانن بەڵام بەڵگەی بە جائیزنەزانیەکەیان زۆر لاوازە

بەڵام بۆچی ئەڵقە حەرامە ؟

— چونکە لە نەریتی موسڵمانان نەبوە بۆ کات ـی زەواج ئەڵقە بکەن بەڵکو ئەمە تایبەتە بەکافرانەوە لەوانەوە وەرگیراوە بۆیە حەرامە بەڵام جل لە شەرعدا هەرجلێ بێت حەڵاڵە مادام مەرجی شەرعی تێدابێت ناچێتە ناو خۆشوبهاندن بە کافران چونکە جلێک کە شەرعی بێت لەبەرئەکرێ ئەگەرچی لە ناوکافرانیشەوە ئەوجلە هاتبێت چوونکـــە

جـل نەریتێــکی هاوبــەشە کافر و موسڵمانیش جل ئەپۆشن بەڵام جلی موسڵمان کە نیقاب و مەرجەکانی شەرعی تێدابێت بێت ئەوا پێچەوانەی جلی کافرەکانە و نابێت بە خۆشوبهاندن بەوان لە هەموو ڕووەکانی زاهیردا موافق نیە بە جلی زواج ـی کافران بەڵام" نەریتێک کە نەریتی موسڵمانان نیە نابێت بخزێنرێتە ناو موسڵمانانەوە وەک ئەو ئەڵقەی زەواجە کە لە هەموو ڕووەکانی زاهیردا دەقاو دەقە لەگەڵ کاری کافران ئەوە حەرامە " چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە تایبەتمەندی کافرانە.

پرسـاری دەیەم //

ئایە دەرخستنی تۆنی دەنگـی ئافرەت حەڕامە ؟

وەڵام :- دەنگـی ئافرەت عەورەت نیە ئافرەتانی صحابە چەندین جار پرسیاریان لە پێغەمبەر ﷺ کـردووە بـەڵام کاتێ خۆناسکردنەوەی تێدابێت ئەوا عەورەتە و جائیزنیـە بەڵام لە مرۆڤدا فیتنە بڵاوە بۆیە زەڕوڕەتێکی ڕاجح نەبێت دەنگی ئافرەت بڵاونەکـرێتەوە تەنها مەگەر زەڕوڕەتێکی ڕاجح ئەویش وەک پەیامێک بێت بینێرێت یان شتێکی لەو جۆرە.

پرسـاری یازدە //

ئـایە جاییزە ئافرەت لە ماڵەوە بە تەنها و وەلەگەڵ ئافرەتانیشدا قورئان بخوێنێ بە دەنگێکی بەرز ؟!

وەڵام :- جائیزە ئافرەت بەدەنگ بەرز قورئان بخوێنێت یان لەگەڵ هەنێ ئافرەتی تر وانەیان پێ بڵێتەوە دەنگی بەرزکات بەڵام بەو مەرجەی ئەمین بێت لەوەی دەنگی لە ژورەکەی یان لە ماڵەکە نەچێتە دەرەوە دراوسێکان ـی گوێیان لێ بێت چونکە خوێندنی قورئان بە جوانکاری ئەخوێنرێت الله تعالی ـش فەرمانی کردووە ئافرەت دەنگی خوێ جوان نەکاتەوە لە بەرامبەرنامەحرەم بـەڵام گەر نامەحرەم گوێی لێ نەبێت ئاسایە.

پرسـاری دوانزدە //

چۆنیەتی نوێژکردنی پیاو و ئافرەت جیایە ؟ وە لەکام حالەت ؟ نموونە کاتێک لە رکوع هەڵئەسێتەوە دەستەکانی تا چ ئەندازەیەک بڵند بکاتەوە ؟ بەگشتی و عام چ فەرقی ئەوەیە کە پیاو ئەیکاو و ئافرەت جیاوازتر ئەیکا چییە ؟

وەڵام :- پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : (صلوا كما رأيتموني أصلي) نوێژبکەن بەو شێوەی من نوێژەکەم (بەشێ لەزانایان فەرموویانە هیچ دلیل ـێ نەهاتوە نوێژی ئافرەت وپیاو جیاکاتەوە ئەوەشـی لەهەندێ زاناوە هاتوە کەباس لە جیاوازی شێوازی نوێژی ئـافرەت

و پیاو ئەکەن دلیل ـی لەسەر نیە وزیاتر اجتهادی خۆیان ـە ئیمام ـی النووي ئەفەرموێت : شافعی فەرموویەتی جیاوازی نیە لە نێوان کردارەکانی نوێژ بۆ پیاو و ئافرەت بەڵام ئەوە نەبێت کەموستەحەبە ئافرەت لە نوێژا خۆی کۆبکاتەوە بۆ نمونە لەکاتی سوجدەیە سکی بلکێنێ بەڕانیەوە بۆزیاتر خۆ ستر کردن موستەحەبە لە هەموحەرەکەکانی نوێژ خۆی کۆبکاتەوە و بڵاو نەوەستێ ئەما دەستگرتن و باقی کردارەکان لەگەڵ پیاو جیاوازی نیە (المجموع (3/429) " ئەمە تایبەت بەنوێژی ئافرەت بە تەنها ئەمما بۆ نوێژی جماعەت جیاوازی تێدایە لە وانە نەوەستان بە تەنیشتی پیاوان و خێرترین ڕیزیان ڕیزی دواوەیە ".

پرســاری سێزدە //

ئافرەت کاتێک خوازبێنی یێت واتە داواکاری ئەم ئافرەتە بورقایــە پیاوەی دێتە داوای کە وا هاتووە ڕازییە بەڵام داوا ئەکا بیبینێت ئەم کاتە ئافرەتەکە خۆی پێشان ئەیات دواتر بەهۆی ئەوەی ناشرینە ئافرەتەکە وەیا هەمان شێوە ئەم پیاوە یان ئافرەت ڕازی نابێت یان پیاو ئایە ئەمە جاییزە تۆ من ببینیت بەڵام دواتر ڕازی نەبیت وەیا ڕەتی بکەیەوە ئــایە جوانی لە پێشترە یان ئیمان و ڕەوشتی بۆ موسڵمانان وە بەڵگەمان چییە ؟!

وەڵام :- بـەڵێ جائیزە گەر ئافرەتەکەی بەدڵ نەبێت ونەچێت بـەدڵیەوە ڕەتی کـاتەوە گەرچی هەڵبژاردن دیـن بنەما وسەرەکـی ترینە بـەڵام ئاسایە گەر کەسەکەی بەدڵ نەبێت وەک " خێزانەکەی ثابت بن قیس بەپێغەمبەری فەرمووﷺ کە نایەوێ بمێنێتەوە لەگەڵـی بەبێ ئەوەی لەدین وڕەوشتـی دا هیچ کێشەیەکی هەبێت وەک فـەرمووی : (واللە ما أعتب علیە في خلق ولا دین ولکني أکرە الکفر في الإسلام) " وە هەروەهـا "پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کرا چی ئافرەتێک باشـە ؟ فەرمووی : (تسرە إذا نظر إلیها) کەسەیری بکەیت دڵخۆشت کـات" کەواتا جوانی و بەدڵ بـوون مافێکە هەم بۆ ئافرەت هەم بـۆ پیاو جائیزە لەبەر بەدڵ نەبوونی ڕووخسار وشێوەی ڕازی نەبێت

– خێزانەکەی ثابت کە خولعی کـرد گلەی نەبوو لە دین وڕەوشتی ثـابت بەڵام بە دڵی نەبوو بۆیە رسول اللە ﷺ ڕازی بوو جیاببنەوە بەڵام کەسێ جوانێکی بێ دین هەڵبژێرێت ئەمـە پێچەوانەی شەرعی کردووە بەڵام لە هەڵبژاردنی دینداریێک کە ڕووخساری جوان نیە خۆی ئازادە (فەرموودەکە جەخت لەسەر دین و ئەخلاق ئەکات واتا سەرەتا بەهۆی دین و ئەخلاق ئەچێتە پێشەوە بۆ خوازبێنی بـەڵام گەر بەدڵی نەبوو جائیزە زواج نەکـات بەڵام اللە ورسولەکەی نەیان فەرمووە گەر دین و ڕەوشتی بـوو بەدڵیشت نەبوو زواج بکە بەڵکو کەسەکە خۆی سەرپشـکە لەمەیـان لەسەری واجب نیە)

پرســاری چواردە //

ئافرەتان کاتێک لە سوور پاک ئەبنەوە لەکاتی پاک بوونەوە ئاوەکە ساردە بەهەمان شێوە ئاوی گەرمی دەست ناکەوێ ئایە تەواوە تەیەموم بکــات ؟!

وەڵام :- هەروەکــو ئەو کەسەی لە شـگرانــە زانایـان دوو بۆ چونن یــەکەم ئەفەرموون گەر ئاوگەرم نەئەبوو ئیلا لەکات نوێژ دەرئەچوو ئەوا تەیەموم ئەکات بـەشەکەی تر ئەفەرموون معذورە چاوەڕێ ئەکات تائاو گەرم ئەبێت گەرچی لەکات نوێژەکەش دەرچێت ئەوا کەخۆی شۆرد نوێژە فەوتاوەکە قەزا ئەکــاتەوە.

پرســاری پانزدە //

ئایە جایزە ئافرەت پێش هاوسەرگیری مەرج دابنێت و بڵێت من ڕازی نیم ژنی دووەم بهێنێت ؟

وەڵام :- زانایـان ئەفەرموون جائیزە بۆ ئافرەت ئەومەرجە دانێت گەرپیاوەکـە ڕازی بـوو بەو مەرجە کە ژنی بەسەر نەهێنێت ئەوا واجبە لەسەر پیاوەکە پابـەندی مەرجەکەی بێت چونکە پێغەمبەرﷺ فـەرموویەتی : (المسلمون علی شروطهم) موسـڵمانان لەسەر مەرجەکانیان پابـەندن وەفـەرموویەتی : (إن أحق الشروط أن یوفی بە ما استحللتم بە الفروج) شـایشتەترین مەرج کە پێویستە جێ بەجێ بکرێت ئەو مەرجانەن کە داوێنیان پێ حەڵاڵ بــووە.

پرسـاری شانزە //

ئایە جاییزە ئافرەتان ئەگەر دەعوەت کران بۆ ماڵی کەسەکانیان ئەم ئافرەتە بە دەمیانەوە نەچێت بە هۆی تێکەڵاوی دەورو بەریان ؟

وەڵام :- وەڵام نەدانەوەی دەعوەت یان وەڵامدانەوەی سونەت نەشـی کەیت تاوانبارنابیت تەنها دەعوەتی ولیمەی زواج واجبە لەسەر وتەی ڕاجح خۆ ئەگەر لەوەش عوزرێکی هەبێت بەنەڕۆشتن تاوانبارنابێت جائەو ئافرەتە کەدەعوەت کـراوە وناچێت بۆئەوەی تێکەڵ خەڵک نەبێت و لەماڵ نەچێت دەر کـارێ باشی کـردووە.

پرسـاری حەڤدە //

ئایە مێردی خوشک ئەبێتە محرەم ئایە وایە ئەڵێن مەزهەبی شافعی پێ جاییزە و تەواوە خوشکی ئافرەتەکە دابنیشێت لای مێردەکەی و وە حتا دەستیشی بەر دەستی بکەوێت ئایە لە هیچ دەقێک فەرمووەیەک هاتــووە؟

وەڵام :- بەهیچ جۆرێ مێردی خوشـک مەحرەم نیە چونکە دوای مردن خوشکەی یان تەڵاقدانی بۆخوشکەی تری جائیزە زەواج ـی لەگەڵ بکات بەڵام مەحرەم بۆهەمیشەی لەیــەک حەرامـن وهیچ کات زەواج لەنێوانیان حەڵاڵ نیــە لە ئیمام ـی شافعی شتی وام نەبینیوە کەوای وتبێت واش ـی وتبێت هەڵەیــە وئاوڕی بۆ نادرێتەوە بــەڵام ئەوەنەی

ئاگاداری کتێبەکانی ئیمامی شافعی ـ رحمه الله تائێستا هیچ وتەیـەکی ئاوام نەبینیوە لە کتێبەکانی .

مەزهەبی ئیمام : مەزهەبی شافعی بەریئە لەوەی ئەیلێی حەڵاڵی الله حەرام ئەکەن بەناوی مەزهەبێکەوە کە درۆیە لەو مەزهەبە شتی وانیـە ئیمام ـی شافعی لە کتاب الام باسی محارم ئەکات لە هیچ شوێنێ نالێت زاوا مەحرەم ـە بەڵکو ئەفەرموێ مەحرەم بە نەسەب وشیر و مصاهرەیە لەناو مصاهرە باسی زاوا ناکات ئەو ئافرەتە گەر بەحەڵاڵی بزانێ دەستی بە رزاواکەی بکەوێت دوای فێرکردن کافرەبێت چونکە حەرامێکی ئیجماعی حەڵاڵ کـردووە.

بەڵگەکان بە دەقی عـەرەبی :

تحريم مصاهرة بعقد نكاح

إحداهن أم الزوجة بقوله : وأمهات نسائكم .

والثانية : بنت الزوجة : وهي الربيبة بقوله تعالى : وربائبكم اللاتي في حجوركم من نسائكم اللاتي دخلتم بهن فإن لم تكونوا دخلتم بهن فلا جناح عليكم .

والثالثة : زوجة الابن ، وهي حليلته بقوله تعالى : وحلائل أبنائكم الذين من أصلابكم .

والرابعة : زوجة الأب بقوله تعالى في الآية الأخرى : ولا تنكحوا ما نكح آباؤكم من النساء إلا ما قد سلف وفيه تأويلان :

أحدهما : ولا تنكحوا ما نكح آباؤكم من النساء بالنكاح الصحيح إلا ما قد سلف بالزنا والسفاح ، فإن كان نكاحهن حلالا لأنهن لم يكن حلائل [الحاوي الكبير في فقه مذهب الإمام الشافعي / الماوردي - أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب الماوردي9/200]

ئەوە مەزهەبـ ـی شافعی لە بارەی مەحرەمەکان بە مصاهرە : کە لەهیچیدا نە یوتوە زاوا ئەبێت بە مەحرەم کەواتـا نابێت حەرام حەڵاڵ بکات چونکە کوفرە با هیچ کەسێک بوهتان بە مەزهەبی شافعیش نەکات چونکە بوهتان تاوان و کەبیرەیە و پاشان قسە بەناوی اللە ـوە نەکات لەبەر شەهوەتی خۆی چونکە قسە هەڵبەستن بەناو دین لەشیرک گەورەترە.

پرسـاری هەژدە //

ئەگەر ئافرەتێ خۆی بکــوژێــت بۆ ئــەوەی تــوش فیتنە نەبـێت ئـایە حوکمی ئەم ئافرەتە چـییە ؟!

وەڵام :- جائیزنـیـە خۆکوشـتن ئەوەی زانایـان ڕێگەیـان پێ یـاوە تەنها دووحاڵـەتە

١- استشهادی کـەبۆزیانگەیاندنە لەکافران

٢- موسـڵمانێـک زانیاریـەکی زۆری موسڵمانانی لابێت و بزانێت دەستگیری ئەکەن لەژێر ئەشکەنجە زانیاری پێ ئەدرکێنن

شێخ محمد بن ابراهیم ال شیخ ئەفەرمووێت : ئەم حاڵەتەش جائیزە بـەڵام من ئەم فەتوام پێ هەڵەیـە چونکە هیچ دلیلێ لەسەر ئەم حاڵەتەیـان نیـە بەڵام استشهادی بۆ زیانادن لە کوفر و سەرخستن ئیسلام فەرمودەی منداڵەکە قیاس ئەکرێتە سەری بـەڵام ئەم حاڵەتەی دووەم حەرامە بەڵکو موسڵمان ئەبێت ئارامبگرێت گەرلەژێر ئیکـراهیش هەرچی پێ بدرکێنرێت ئەوا کـافرنابێت ئەوپەڕی تاوانبارئەبێت کـە ئەم تاوانەش لە ژێر ئیکراهـ ناگات بە ئاستی تاوانی خۆکوشـتن.

پرسـاری نۆزدە //

ئـایە ئافرەتان ئەگەر بزانن نابنە هۆی فیتنە جاییزە نیقاب نەکەن ویا خود بۆ هەنێ جار نیقاب بپۆشن وە هەنێ جار لای بدەن کە هەنێ ئافرەت ئەڵێن ئێمە نابینە هۆکار فیتنە لە هەنێ حاڵەت ؟!

وەڵام :- وتەیـەکی باطل ـە پەیوەندی بەوەوەنیـە ئافرەتەکەخۆی وابیرکاتەوە بەرامبەر توش ـی فیتنە ناکات بـەڵکو سەردەمەکە سەردەم ـی فیتنەیـە " زانایان ئەفەرموون لەسەردەم ـی فیتنە واجبە بەئیجماع بـەڵکو ئەوبۆچونەش بەهێزترە کەئەبێت چاویشی داپۆشـێت جا لەهەنێ کات نیقاب بکات ولەهەندێ کات نەیـکات ئەوا وەکو زانایـان فەرموویانە تاوان و طاعەی تێداکۆبـۆتەوە " پێویستە جیهادی نەفس ـی خۆی بکات وشوێن ئاسانکاری هەواوئارەزوو نەکەوێت

پرسـاری بیست //

ئایا جائیزە ئافرەت بڕواتە سەر گۆڕی پیاوی نا مەحرەم نمونە ئافرەتێک بڕواتە سەر گۆڕی مامۆستا کامەران ؟

وەڵام :- گەر بۆ ڕیـا وخۆدەرخستن و وێنەگرتن لەگەڵ گۆڕەکە نەبێت بەڵکو بۆبیرهێناوەی مردن و ترسی توش بوون بەفیتنەی نەبێت بـەڵێ جائیزە.

پرســاری بیست و یەک //

ئایە ئافرەت حەب بخوات جاییزە تا نەکەوێتە سوڕی مانگانەوە ؟

وەڵام :- جائیزە گـەر زیان ی نەگاتێ و تەندروست ی نەخاتە مەترسیەوە گەرچی واباشترە نەیخوات بـەڵام بشیخوات و مەترسی بۆدروست نەکـات زانایان فەرموویانە جائیزە.

پرســاری بیست و دوو //

ئافرەتێک نیەتی بە ڕۆژوو بوونی هێناوە بەیانی کەلە خەو هەڵساوە ئەم خەونەی بینیوە وە غسولی لەسەر واجب بووە ئەم ئافرەتە ئایە ڕۆژووەکەی ئەشکێت نموونە هەڵساوە غسولی کردووە بەڵام لە ڕووژووکەی بەردەوام بووە !

وەڵام : - ڕۆژوەکەی دروستە دایـکە عائیشە ئەفەرموێ جاری واهەبوە پێغەمبەرﷺ فەجر دەرچووبوو هێشتا لە شگرانبوو غوسلی نەکردبوو بە ڕۆژوش ئەبـوو بۆیە ئیمام شەوکانی ئەفەرموێت : لە شگران ی پێش فەجر بە جیماع کردن یان دوای فەجر بە خەوبینین نابێتە هۆی بەتاڵ بـونەوەی ڕۆژوو بە ئیجماع ابن دقیق نەقڵ ی کردوە کە جۆرێـک لە ئیجماع هەیە لەم بابەتەدا.

پرســاری بیست و سێ //

بەخۆوە کردنی ئیکسسواراتی (خشڵی) شێوە مار وەک مستیلە یان بازن ئایا لەڕووی دینەوە هیچ نەهی لێکراوە ؟

وەڵام :- گەر سەری مارەکەی پێوە بێت چاو و دەم ئەوا حەرامە ئەبێت سەرەکەی ببڕێت یا بیشوێنێت ئەما سەری پێوە نەبێت تەنها جەستەکە بێت بەصورە ئەژمار ناکرێت چونکە صورە بریتیە لەسەر بەبێ شێواندن .

پرســاری بیست و چوار //

ئایا ئافرەت بۆی هەیە ڕێگری جیماع لەمێردەکەی بکات بەبیانوی ئەوەی دوونیا ساردە وئاوی گەرم دەست ناکەوێت بۆ غوسل بەبیانوی نەفەوتانی نوێژی بەیانی ڕێگری لەمێردەکەی بکات یان بەپێچەوانەوە مێردەکەی مافی ئافرەتەکە نەیات بەو بیانوە ؟

وەڵام :- شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا فـەرموویـەتی : (ولیس للمرأة أن تمنع زوجها من الجماع بل له أن یجامعها فإن قدرت علی الاغتسال وإلا تیممت وکذلك الرجل إن قدر علی الاغتسال وإلا تیمم.

واتــا : بـۆ ئافرەت دروست نیە ڕێگری جیماع لە هاوسەرەکەی بکات بـەڵکو جیماع ـی

شەرعی ئەکەن گەر لە توانایان بـوو بۆ نوێژ غوسل ئەکەن گەر لە توانایان نەبوو ئەوا تەیەموم ئەکـەن بەهەمان شێوەش بۆ پیاوەکـە [مجموع الفتاوى" (21/451)]

ئایاچی کـاتێ بۆی هەیە تەیەموم بکات ؟

شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیه ئەفەرموێت : (فإذا خشي إذا اغتسل بالماء البارد أن يضره ولا يمكنه الاغتسال بالماء الحار في بيت ولا حمام ولا غيرهما جاز له التيمم, ولا إعادة على الصحيح)

واتـا : گەر ترسا خۆی بەئاوی سارد بشۆرێت زیانی پێ بـگات وە نەیتوانی خۆی بشۆرێت بە ئاوی گەرم لەماڵ و لە حەمام و جگە لەوەش ئەوا بۆی دروستە تەیەموم بکات وە نوێژەکەی ئەکات و دووبارەکردنەوەشی لەسەر نیە لەسەر وتەی دروست .

ئیمام ـی ابن قدامة له المغني ئەفەرموێت : (وإن خاف من شدة البرد، وأمكنه أن يسخن الماء، أو يستعمله على وجه يأمن الضرر، مثل أن يغسل عضوًا عضوًا، وكلما غسل شيئًا ستره، لزمه ذلك. وإن لم يقدر، تيمم وصلى في قول أكثر أهل العلم)

واتـا : گەر ترسا لە زۆری سەرما وە لە تونای بـوو ئاو گەرم بکات یان بەکاری بهێنێت بەشێوازێک کەسـەلامەت بێت لەوەی زیانی پێ بگات وەک ئەوەی ئەندام ئەندام خۆی بشۆرێت هەرئەندامێکی شـۆرد جل لەبەر کات ئەوا پێویستە وابـکات گەر نەیتوانی ئەوا تەیەموم ئەکـات لەسەر وتەی زۆرینەی زانایان .

پوختەی ووتار

ئێستا لە زۆربەی شارەکان کارەبای بەردەوام هەیە بۆیە واجبە گیزەر یان بۆیلەر هەڵکات بۆ گەرم کردنی ئاو ئەگەر لە حاڵەتێکدا کارەبا نەبوو یان بیریان چوو بوو بۆیلەر یان گیزەر هەڵکەن ئەوا ئەتوانن لەناو مەنجەڵێ ئاو گەرم بکەن ئەگەر غازیش نەبوو بۆ ئەوەی ئاو گەرم بکەن ئەوا تەیەموم ئەکەن یان غاز هەبوو بۆ ئاو گەرم کردن و بۆیلەریش هەبێت" بەڵام لەوە دابوو کاتی نوێژەکە دەربچێت تا ئاوەکە گەرم ببێت ئەوا لەسەر وتەی بەشێ لەزانایان لەم حاڵەتەش تەیەموم ئەکەن".

لە الفواكه الدواني هاتوە : (الثاني : ممن يجوز له التيمم: الواجد للماء القادر على استعماله وهو حاضر صحيح لكن يخشى خروج الوقت الذي هو فيه باستعماله، فإنه يتيمم على الراجح)

جۆری دووەم کە بۆی دروستە تەیەموم بکات :- لە کاتێکدا ئاو هەیە و ئەشتوانێت بەکاری بهێنێ بەڵام ترسی ئەوەی هەبێت کاتی نوێژەکە دەربچێت بەهۆی بەکارهێنانی ئاوەکە ئەوا لەسەر وتەی ڕاجح تەیەموم ئەکات. (بەشێکی تری زانایان ئەفەرموون ئاوگەرم ئەکات وخۆی ئەشۆرێت بۆی نیە تەیەموم بکات گەرچی کاتی نوێژەکەش دەربچێت ئەوا عوزری بۆهەیە چاوەڕێ ئەبێت تائاوەکە گەرم ئەبێت وبتوانێت خۆی پێ بشۆرێت)

چۆنیەتی تەیەموم

هەردوو دەستی ئەكێشێت بەزەویدا پاشان دەست ئەهێنێت بەدەمچاویدا دوواتر هەردوو ناولەپی دەست وپشت دەستی وەک چۆن کاتێ بەئاو دەستت ئەشۆریت وە دروستە تەیەموم بەخۆڵی سەر فەرش بکەیت گەر بزانیت فەرشێک خۆڵی لەسەرە وەئەگەر خۆڵی دەست نەکەوت ئەوا لەسەربەردێک یان جادەیەک جائیزە تەیەموم بکات شیخ الإسلام ابن تیمیة رحمە الله ئەفەرموێت : (أنە یجوز التیمم بغیر التراب من أجزاء الأرض إذا لم یجد ترابا)

واتـا : دروستە بەجگە لە خۆڵیش تەیەموم بکات لە بەشەکانی تری زەوی گەر خۆڵی دەست نەکەوێت . [الاختیارات الفقهیة" (ص 28)]

پرسـاری بیست و پێنج //

ئایە گەر لە شوێنێک بووی وە نامەحرەمی لێ بوو بە نیقابەکەتەوە نوێژ بکەیت دروستە ؟

وەڵام :- زاناکان دەفەرموون گەر لە شوێنێ نوێژی کرد و نامەحرەمی لێ بوو واجبە نیقاب بکات چوونکە دروست نییە دوم و چاوی ببینرێت لە لایەن کەسی نامحرەم ــەوە بۆیە بەڵێ دروستە بەڵکو واجبە کە نامحرەم ــی لێ بوو نیقاب لا نەبەیت لە نوێژدا .

پرســاری بیست و شەش //

ئافرەتێک لە مێردەکەی جیابۆتەوە بۆ چەند ساڵ ئایە لە ڕووی شەرعەوە هێشتا نیکاحی زەواجیان دامەزراوە یان باطڵ بووە ؟

وەڵام :- بەڵــێ هێشتا عەقدی نیکاح ئەمێنێتەوە مادەم مێردی تەلاقی نەیاوە یان قازی شەرعـی بڕیاری جیابونەوەت نەیابن یان ئافرەتەکە خولع نەکـات ئەوە هەر عەقدی زەواجەکەیان ئەمێنێتەوە گەر تـا مردن ئافرەتەکە لە ماڵی باوکیشی بێت مادام مێردەکەی بوونی هەیە بەڵام بەهۆی لێک تێنەگەشتنەوە ئەو یان لە ماڵی باوکی خۆیەتی ئەمیان لە ماڵ خۆیەتی جا پێنج ساڵ یان دە ساڵیش بخایەنێت (واتە لە ڕووی کاتەوە) هەر عەقدی زەواج ماوەتەوە وە هەڵناوەشێتەوە ئیلا بە طەڵاق یان قازی نکاحەکە هەڵبوەشێنێتەوە بەهۆی بوونی مەرجەکانی هەڵوەشانەوە یان ئافرەتەکە خولع بکات و مێردەکەشت قبـوڵــی بکـات بەو شتانە عەقدی نیکاح هەڵئەوەشێتەوە.

پرســاری بیست و حەوت //

ئایە دەست نوێژ لـە خەزوور ئەشکێت ؟

وەڵام :- باوکی مێردت مەحرەمـە بۆتۆ بۆ هەمیشە بە مەحرەم ئەمێنێتەوە وە دەست نوێژیش ناشکێت بە دەست بەرکەوتن هەتا گەر نامەحرەمیش بێت بەڵام دەست بەرکەوتنت نامەحرەم تاوانێکی یەکجار گەورەییە .

پرسـاری بیست و هەشت //

ئایە گەر باوکی هاوسەر کافر بوو ئایە جائیزە بەبێ لەچک و نیقاب بت بینێت ؟

وەڵام :- ئەگەر لە فیتنەی ئەمین بیت و ترسی ئەوەت لەسەر نەبێت کەوا بە چاوی خراپ سەیرت بکات گەرچی کافریش بێت هەر بە مەحرەمت حسابە و جائیزە.

پرسـاری بیست و نۆ //

ئایە بۆ ئافرەت جائیزە زیکر بکات بێ لەچکە ؟

وەڵام :- بەڵێ جائیزە زیکر یان قورئان بخوێنێت بەبێ سەرپۆش بەو مەرجەی نامەحرەمی لێ نەبێت .

پرسـاری سي //

ئایە لە کاتی نوێژدا پێویستە ئافرەت پێیەکانی داپۆشراو بێت ؟

وەڵام :- پۆشینی پێ بە لەسەر قسـەی جمهوری زانایان واجـبە بەڵێ ئەبێت بیپۆشی .

پرسـاری سي و یەک //

ئایە ئەگەر هاوسەرەکەت بانگێشت بکەت بۆ لای نەخۆشێک یان میواندارێک بەڵام شوێنەکە تێکەڵاوی ژن و پیاوی تێدا بوو ئایە لەم حاڵەتە بە گوێی هاوسەرەکەت نەکەی گوناحبار دەبیت ؟

وەڵام :- ئەگەر زانیت شوێنەکە تێکەڵاوییە بابەبیانوی سەردانی نەخۆشیش بێت ئەوا بە مێردەکەت بڵێ لە کاتێکی تردا دەچین بۆ سەردانیکردنی چوونکە لەم کاتەدا ژن و پیاو تێکەڵن و ئەمەش جائیز نییە لە شوێنێکی تێکەڵاو ئامادەبین و پێی بڵێ ڕاستە سەردانیکردنی نەخۆش خێرە بەڵام تێکەڵاویش حەڕامە کەی دەوری چۆڵ بوو وە تێکەڵاووی نەما ئەو کاتە ئەچین بۆ سەرداني گەر بە قسەی کردی باشە وە ئەگەر بە قسەت نە کردیت ئەوە تۆش لە مەعسیەت نابێت بە قسەی مێردەکەت بکەیت چوونکە پێغەمبەر صلى الله علیە وسلم دەفەرمووێت : گوێڕایەڵی مەخلوق ناکرێت لە سەرپێچیکردنی خالق .

پرسـاری سي و دوو //

ئایە ئەلقەی زەواج بیکەیتە پەنجەت وەیان نەیکەیت چی جیاوازیێک هەیە ؟

وەڵام :- ئەڵقەی زەواج نەریتێکی تایبەتی گـاورەکانە کە ئەوان بە بیروباوەڕێکی

کوفریەوە ئەنجامی ئەیەن هەر کەس هەماب بیروباوەڕی ئەوان ئەڵقەی زەواج کاربهێنێت کە بڕوای وابێت ئەو ئەڵقەیە خۆشەویستی ئەهێنێت و داکەندنی ناکۆکی و کێشە بە دوای خۆی ئەهێنێت ئەوەی ئەو بیروبڕوایەی هەبێ ئەوا شەریکی بۆ الله بڕیار داوە ئەمما ئەم بیروبڕوایەی نەبێت بەڵام تەنها لە کردارەکەیدا خۆی بشوبهێنێت پێیان ئەوا لەم حاڵەتە زانایان ئەفەرموون نابێت بە کاری بهێنێت چوونکە خۆ شوبهاندنە بە کافران .

پرســاری سي و سێ //

ئایە جائیزە ئافرەت لە ناو ماڵی باوکی هاوسەرەکەیدا بژین پێکەوە ؟

وەڵام :- لەمافی ئافرەت ئەوەیـە ماڵێکی تایبەت بەخۆی پێ بدرێت بۆ ژیان ـی خۆی بە ئاسودەی بـەڵام گەر پیاوێـک لە خانووی باوکیدا بژێت خانوەکە گەورە بێت بتوانێت ژوری تایبەت بۆخێزان ـی دابین بکات و لەگەڵ دابین کردن ـی حەمام و سەرئاو لە سنوری ژووری ئافرەتەکە بە جۆرێک بۆ پێویستیەکانی ڕۆژانەی پێویست نەکات ماڵی باوکـی مێردەکەی ببینن ئەوا بەم شێوە مافی خێزانەکەی یاوە بـەڵام گەر هەمووان لە ماڵێـکدا بن و بە بەرچاوی یەکەوە بن و تێکەڵاووی ئەوا درووست نیە وشەرعی نیە وەک جەماوەری زانایـان فەرموویانە جائیزنیـە بەم شێوە هاوسەرگیری بکات.

پرسـاری سي و چوار //

ئایە جائیزە لابردنی مووی بە لیزەر ؟

وەڵام :- گەر لابردن ـی موو بە لیزەر زیانی نەبێت جائیزە بەڵام دەرکەوتن ـی عەورەت بۆ ئافرەتێکی تر ئەمە حەرامە و جائیز نیە تەنها لەنا چاریـەکی زۆر پێویست نەبێت.

پرسـاری سي و پێنج //

ئایە جیماع کردن لەگەڵ هاوسەرەکەت لە غەیری ماڵەکەی خۆتدا جائیزە ؟!

وەڵام :- بـەڵـێ جائیزە بەو مەرجەی شوێنکە ئەمین بێت وپارێزراوبێت لـە چاوی خەڵـک گەر شـوێنەکە دووربێت لە چاو و پارێزراو وئەمیـن بێت ئەوا خودی شەرمکردنی نەفسی لەبەر ئەوەی ماڵەکە هی خۆیـان نیە نابێت بە عوزر بۆی ئیمامـی بهوتی لەکشـاف دا فەرموویەت ـی : بۆ مێرد شەرعیە لە هەرکاتێـکدا داوای سەرجێی لە هاوسەرەکەی بـکات تەنها بەومەرجەی ئەو سەرجێیە کاتی نوێژی فەرزی لێ نەگرێت یـان ئافرەتەکە نەخۆشێـک نەبێت کە ئەو سەرجێـیە زیان ـی پێ بگەیەنێت بەدەر لـەوە عوزری بـۆنیە بەڕێگری کردنی لە هاوسەرەکەی بـۆیە بەڵـێ ئافرەتەکە تاوانبارە بێت چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فـەرموویەت ـی (ئەگەر پیـاو بانگی خێزانەکەی خۆی کـرد بۆسەرجێی ئەو ئافرەتە باخێرا وەڵام ـی باتەوە گەر خەریکی نانکردنیش بێت لەسەر تەنوور).

پرسـاری سي و شەش //

بۆ دوکەس کە دەزگیراندارن مودەکەیان تاچەنێکە چەندی بەسەردا بروا نیکاحیان بەتاڵەبێتەوەو حەلالی یەک نامێنن ؟

وەڵام :- تاتەڵاق ی نەیات یان تا ئافرەتەکە خولع نەکات (داوای جیابونەوە) یان تاقازی شەرعی بریاری جیابونەوەوەیان نەیا لەبەر هۆکاری شەرع ـی هە ر بەهاوسەر حساب ئەکرێن لەشەرعدا گەر ماوەکەی هەرچەنێک بێت.

پرسـاری سي و حەوت //

ئایە ئەگەر ئافرەتێک بیەوێ داپۆشراوبێت ئەگەر بە دیداری الله بگات واتە ویستی الله و بێت بخاتە بەهشتەوە ئایە ئافرەتان داپۆشراون بەهەمان ئەو جل و بەرگانەی وەک نیقاب و بورقا وایە لەوێش ؟

وەڵام :- بەهەشت شوێن ـی داواکردن ـی ئەحکامە شەرعیەکانی دوونیا نیە بەڵکو شـوێن ـی پاداشتە و هیچ بەڵـگەیـەک نەهاتوە گوزراشت کات لەوەی ئافرەتان نیقاب و پۆشتەن وەک دوونیا تەنها ئەو فەرموودە نەبێت کە فەرموویەتـی ئەو (ولنصیفها علی رأسهـا ..) زانایـان لەتەفسیری نصیف ڕاجیاوازن هەنێک وتویـانە جۆرە قوماشێکە ئافرەت بۆجوانی بەدەوری سەرخۆیدا ئەیاڵێنێت نەک مانای پۆشینی سەربات .

پرســاری سي و هەشت //

بۆ دوکەس کە دەزگیراندارن مودەکەیان تاچەنێکە چەندی بەسەردا بروا نیکاحیان بەتاڵەبێتەوەو حەلالی یەک نامێنن ؟

وەڵام :- تاتەڵاق ی نەیات یان تا ئافرەتەکە خولع نەکات (داوای جیابونەوە) یان تاقازی شەرعی بریاری جیابونەوەوەیان نەیا لەبەر هۆکاری شەرع ـی هە ر بەهاوسەر حساب ئەکرێن لەشەرعدا گەر ماوەکەی هەرچەنێک بێت.

پرســاری سي و نۆ //

ئافرەت لە دوونیا شوو نەکات ئایە لە بەهەشتاش شوو ناکات ؟

وەڵام :- ئەصل ـی نیە ئەوقسەیەش پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی ومافی الجنه اعزب . لەبەهەشت کەس نیــە بێ هاوسەربێت و هاوسەری نەبێت.

پرســاری چل //

من کچەکەم نام ناسیتەوە تەقریبەن وا ئەبێتە دووساڵ بەرەو روو نەم بینیوە و ئاوا بۆ ئەو باشتر بوو داوای لێکردم ببمە هاورێی منیش قەبوڵم کرد ئایە لەسەر ئەمە تاوانبار ئەبم من دایکی ئەوم و بەڵام وەک هاورێک خۆم پشانی ئەو ئەدەم؟

وەڵام :- بەشێوەی گشتی نابێت بۆ هەمیشە لێی بشاریتەوە کەتۆی دایک ـی ئەویت بەڵام ڕەچاوکردن ـی باردۆخ ـی منداڵەکەت گەر لەتەمەنێکدایە بەهۆی کەم تەمەنیەوە تۆ ناناسێتەوە وەناشتوانێت لێت تێ بگات کە تۆ دایکی وە ئەگەر پێی بڵێی من دایکی تۆم بیێتە هۆی ئەوەی لێت دوورکەوێتەوە یان بڕوات پێ نەکات ئەمە مەفسدەتێکی گەورەیە بۆیە لێرەدا بەپێی ئەو قاعیدە شەرعیە کارەکەین (درء المفاسد مقدم علی جلب المصالح) لێرەدا بۆ ئەوەی لێکترازانی تەواوەتی ڕوونەیا کەئەمە مەفسدەتێکێ تەواوە بۆیە لەم حاڵەتەدا لەم قۆناغەدا دایکایەتی خۆت ئەشاریتەوە لەپێناو لادانی مەفسدەتێکی گەورەتر تائەوکاتەی منداڵەکەت هێندە هۆگرت ئەبێت لەژێر ناوی هاوڕێیەتی کە متمانە بەقسەکانت بکات ئەمە بۆحاڵەتێک ئەگەر منداڵەکەت لە تەمەنێکدابێت کە بچوک بێت هۆکاری نەناسینەوەت بەهۆی بچوکی تەمەن و ژیری و بچوکی ئەقڵی بگەڕێتەوە بۆیە نەتناسێتەوە ئەوا چاوەڕێ ئەکەیت تا تەمەنی گەورە ئەبێت لە داهاتوودا ڕاستیەکان ـی پێ ئەڵێیت ئەمەش بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆت بۆ ئەو کاتە کە ئایە کاتەکەی گونجاوە کە ئایا ئێستا لێت تێ ئەگات گەر زانیت کات گونجاوە ولێت تێ ئەگات ئەوکاتە بۆی باس ئەکەیت خۆ ئەگەر منداڵەکەت کەسێکی تەمەن گەورەبێت بەڵام تۆ ناناسێتەوە بەهۆی لە بیرچونەوە یان بەهۆی ڕووداوێک کە بیرەوەریەکان ـی لەدەست یابێت ئەمەیان پێویستی بەڕاهێنانی فکری هەیە لەگەڵیدا لەمەشدا تاوانبار نابێت گەر لێی بشاریتەوە

چونکە گەر ئەو توشی کارەساتێک بوبێت لەبیرکردنەوەیدا ئەوا گەر پێی بڵێی من دایکی تۆم دوورنیە بەیەکجاری لێت دووربکەوێتەوە و وەک دووژمنێک لێت بڕوانێت لەم باردۆخەش دیسان ئەو مەفسدەتە دوور ئەخەیتەوە بەڕێگەی ئاقڵانە و حیکمەتەوە دایکایەتی خۆتی بۆ ئەکەیت تائەوکاتەی هەل ئەڕەخسێت و باردۆخی باش ئەبێت وزەمینە سازیەکی باشت کردوە کە ڕاستیەکانت لێ وەربگرێت ئەوکاتە پێی ئەڵێی من دایکی تۆم کەواتا ئەوەی ئێستا تۆ داوای هاوڕێیەتیت لێ قبوڵکردووە ئەمە کارێکی ژیرانەیە و کارکردنە بەبنەمای لادانی مەفسدەتێکی گەورەترە لەبڕی بەدەست هێنانی مەسڵەحەتێک بۆیە ان شاء الله تعالی هیچ حرج و کێشەیەک لەبابەتەکەدا نییە .

تێبینی : بۆ زیاتر لەم قاعیدە شەرعیە تێبگەین (**درء المفاسد مقدم علی جلب المصالح**) خوێنەری ئەم نامیلکە بەبن سوودی دەبێت بە ئیزنی الله سبحان وتعالی :

سوودێکی گرنگ ڕەچاوکردنی مەصلەحەت و مەفسەدەت لە بابەتەکان و باردۆخەکان و ڕەچاوکردنی تێگەشتنی خەڵکی و ڕەچاوکردنی ئەوەی وتنی ئەم قسە سوودی زیاترە یان زیان یان سوودی زیان وەکو یەک بێت لەلای خەڵکی لەم کاتەدا چۆن مامەڵە بکەین

ڕاستەوخۆ بۆ دابەزاندنی نامیلکە کلیک لەسەر بەرگی وێنەکە بکەن

پرسـاری چل و یەک //

ئایا دروستە ئافرەت منداڵی ناو سکی لەبارببات بەهۆی هەژاری ئەگەر دروستی پێم بڵێ سکەکە چەند"

وەڵام :- لەبار بردن ـی منداڵ هەنێـک لەزاناکان وتویـانە

١- گەر پێش چل ڕۆژی یەکەم ـی لەباری بەرێت جائیزە

٢- هەنێکـی تریش لەزاناکان وتویـانە پێش چل ڕۆژ لەباربردنی جائیزە تەنها بـەمەرجێکی شەرعی وعوزرێـک لەشەرعداقبوڵکراوبێت

٣- ەشـێکی تر وتویانە بەهیچ جۆرێـک جائیزنیـە منداڵ پێش چل ڕۆژیش لەباربرێت بـەتایبـەت لەترسی بژێوی وکەم ڕزق ـی چونکە ئەمە دەقی ئایەت ـی لەسەرە کەالله تعالی فـەرموویەتـی : { وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ ۖ نَّحْنُ } [الإسراء : ٣١] منالّی خۆتان لەترسی هەژاریی مەکوژن

٤- لەپاش ڕوحکردنە بەری بەئیجماع لـەباربردنی حەرامە و کوشتن ـی نەفسە

— سەبارەت بەوەڵامی ئەم پـرسیارە بـەڵێ کارێکی حەرام و ناشەرعیە گەرلەترسی بژێوی منداڵەکەی لە باربەرێت ئەمەش پشت ئەستورە بەدەقـی ئایەت ووتەی ڕاست ـی زانایـان.

تێبینی // هەموو پرسیارەکان وەڵام دراوەتەوە لە لایەن

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری (الله بتپارێزێت).

الحمد لله رب العالمين

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ

1447 هـ